# مێژووی فیدراڵیزم

ئا/ د. خۆشەوی ئیبراهیم
داڕشتنەوەی / گۆڤاری توێژینەوە

**فیدراڵیزم لە سەردەمی کۆندا**

پەیوەندی نێوان فیدراڵیزم و دیموکراسی هەر لەسەرەتای دروست بوونیدا دیاربووە. لە یۆنانی دێرین دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی (پۆلیس) هەبوو، پۆلیس مانای ((شار))، ((حکومەت))، ((کۆمەڵگای هاوڵاتی))ی دەگەیاند. (پۆلیس) بە شێوەیەکی راستەوخۆو دیموکراتیانە بەڕێوە دەچوو، بەواتای ئیمڕۆ بڕیارەکان بە ریفراندۆم وەردەگیران، ئەمەش جیاوازی لەگەڵ دیموکراسیی نوێنەرایەتیدا هەیە. دیمواکرسیی نوێنەرایەتی بە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ و نوێنەرانی خەڵك هەڵدەبژێردرێن. دیموکراسیی راستەوخۆ مانای ئەوەیە هەموو هاوڵاتیان، یان بەشێکی زۆریان کۆدەبنەوە و بڕیاردەدەن. لە یۆناندا، (پۆلیس) دەسەڵاتێکی سەربەخۆی سیاسی و ئابوری هەبوو، یەکەم دەسەڵات بە ناوی ((ئۆتۆنۆمی))، ((یاسای سەربەخۆ))، ((ژیان بەپێی یاساگەلی دیارکراو)) کە لە سەردەمی ئێستاماندا بە سەروەری یان ئازادی ناسراوە. یۆنانییە کۆنەکان ئازادییان بەو مانایە دەزانی کە پەیڕەوی لە هیچ کەسێك جگە لەیاسا نەکەن، ئەو یاسایانەش لەسەر بنەمایەکانی ئیرادەی خەڵك داڕێژراون. یۆنانییەکان بڕوایان بە کەسایەتی یان نوێنەر نەبووە کە بێت یاسایان بۆ دابنێت، هەر خۆبەستنەوەیەك هەتا ئەگەر ماددیش با پەسەندیان نەدەکرد و بە شێوەیەکی کۆیلییەتیان دەزانی. مێژووناسی یۆنانی هێرودوت نووسیویە: جارێك حاکمێکی ئێرانی پێشنیاری بە نێردراوەکانی یۆنانی کرد بێن لای پاشا کاربکەن و پاداشتێکی باشی لێ وەربگرن و لەوانەیە دەسەڵاتی ناوچەیەکیشیان پێ

بسپێرێ. یۆنانییەکان لە وەڵامدا گوتیان ئێوە قەدری ئازادی نازانن، ئەگەر بتانزانیبا ئازادی چییە ئامۆژگارییەکی ترتان دەکردین و دەتانگوت بەرگری لە ئازادی بکەن چ بە شەمشێرو قەڵغان چ بەتەور)). مەترسی دەرەوە وای لە پۆلیسەکان کرد یەکییەتییەك بە ناوی (سیماهی) پێکبێنن. بەناوبانگترین یەکێتیی نێوان پۆلیسەکان، یەکێتیی ئەتینا بووە (بە سەرۆکایەتی ئەتینا)، یەکێتیی پێلۆپونێسکی (بەسەرۆکایەتی سپارتەکان)، یەکێتیی بیوتیسکی (بە سەرۆکایەتی فیڤ) کە لە سەدەکانی٤ تا ٦ی پێش زاین لەئارا دابوون. لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زاین، لەبەر هێرشی ئێرانییەکان شارەکانی یۆنان کۆبوونەوەو کۆنگرەیەکیان لە کۆرنێف بەست، ساڵی (٤٨١ پێش زاین) ئەو یەکییەتییە شورای لە کورنێف هەبوو، سەرۆکەکەی سوپاسالاری قەیسەر سپارتان بوو (کە زۆرترین جەنگاوەری هەبووە). دووەمین هێزی سوپای دەریایی بوو. سپارتانەکان لەشکری دەریاییان نەبوو، بەڵام پێانوابوو دەبێ سەرکردایەتی هەموو لەشکر بکەن، لەو رووەوە مێژووناسی یۆنانی پلوتارخ دەڵێت ئەتینایییەکان زۆرترین کەشتیان هەبوو، گەرەکیان بوو دەسەڵات بدرێتە ئەوان و لانی کەمیش پەیڕەوی لە یۆنانییەکانی تر بکەن. لەو کاتەدا نوێنەری ئەتینا فێمیستوکول رایگەیاند: هەرچەند ئێمە زیاترین گەمیمان هەیە، بەڵام بۆ پاراستنی یۆنان لە هێزی بێگانە، ئامادەین لەسەر مافەکەمان بسازێن و ئەو ئەرکە بە سپارتانەکان بسپێرین. هەر لە بەر ئەوەیە پلوتارخ دەڵێ فێمیستۆکول گەوەرەترین کەسایەتی رزگارکردنی یۆنان بووە. هەر دوای لەناوبردنی مەترسی ئێرانییەکان ئەو یەکێتییە تێکدرا، سپارتەکان لەگەڵ شاری هاوپەیمان، پێلوپانێسە، لەو یەکێتییە چوونە دەر و شارەکانی تر یەکێتییەکی تریان بە سەرکردایەتی ئەتینا دروستکرد. یەکێتیی دەریاوانی ئەتینایی لە ساڵی ٤٧٨ تا ٤٠٤ پێش زاین درێژەی کێشا. بە دۆڕاندنی شەڕ لەگەڵ سپارتەکان ئەو یەکێتییە هەڵوەشایەوە. هەتا لەسەردەمی سەرکردایەتی ئەسکەندەری ماکدۆنیشدا فیدراڵیەتێکی یەکگرتووی راست لە نێوان شارەکان نەبوو، هەر لایەنێك هەوڵی دەدا سەروەری خۆی بپارێزێت. فیدراڵیی راستەقینە لە یۆنان بە شێوەی کۆنفیدراڵی بوو، هەموو شارەکان نوێنەریان لە شورایەکی باڵادا هەبوو، هەر شارێك مافی یەك دەنگی هەبوو. بەرپرسانی پەیوەندییەکانی دەرەوە شەڕیان چارەسەر دەکرد. بەرزترین کەسی ئەو یەکێتییە بە هەڵبژاردن دادەنرا یان نوێنەری گەورەترین شار سەرپەرشتی دەکرد. بودجەی ئەو یەکێتییە لە ئابوونەی ئەو شارانە پێکدەهات. ئەو یەکێتییە مافی ئەوەی نەبوو خۆی لە کاروباری شارەکان هەڵقورتێنێ، مەگەر کردەوەی یەکێ لە شارەکان دژی بەرژەوەندی ئەو یەکگرتنە با. ئەو بارودۆخە وای لە ئەتینا کرد سیستەمی دراوی خۆی بەسەر شارکانی تردا بسەپێنێت و ناچاریان بکات کێشەکانیان لە دادگای ئەتینادا چارەسەر بکەن، بۆیە لە کاتی شەڕ لەگەڵ سپارتەکان و تێشکانی ئەتینا لە ساڵی ٤٠٤ ی پێش زاین ڕاپەڕین سەریهەڵدا. پاش دەیان ساڵ ماکدۆنییەکان بە

سەرکردایەتی قەیسەر فیلیپ یۆنانیان داگیر کرد و دەسەلاتی خۆیان بەسەر یۆناندا سەپاند. بانگهێشتی شارەکانیان کردو بەبەشداری هەموان کۆنگرەیەك لە شاری کۆرێنفی لە ساڵی ٣٣٧ پێش زایین بەستراو لەوێ یەکێتیی هەموو شارەکانی یۆنان بە سەرکردایەتی قەیسەر فیلیب راگەیاندرا. پاش ئەویش کوڕەکەی سەرۆکایەتی بەدەستەوە گرت. بەو شێوەیە یۆنانییەکان لەسایەی سیستمێکی کۆنفیدراڵی گەیشتنە ئامانجی خۆیان و لەژێر سەرکردایەتی قەیسەری ماکیدۆنی یەکیانگرتەوە.

لە سەدەی سێیەمی پێش زایین، پاش مردنی ئەسکەندەری ماکدۆنی ولاتێکی فیدراڵی خۆڕاگرو پایەدار دامەزرا و یەکێتییەکانی ئاخێیسکی و ئێتولی هەر بەردەوام بوون. دەسەلاتی بالای ئەو یەکگرتنە ئەنجومەنی گەل بوو کە هەموو هاولاتیانی یۆنان دەیانتوانی تێیدا بەشدار بن. کۆبوونەوەی یەکێتیی ئێتۆلی ساڵی جارێك لە شاری (تێرمی) دەبەسترا و دەسەلاتی ئەوەی هەبوو شەڕ رابگەیەنێت یان پەیمانی ئاشتی لەگەڵ لایەنێك مۆر بکات. کۆبوونەوەی ئاخێیسك هەر چوار ساڵ جارێك لە شاری (ئێگیون) دەبەسترا. لە کاتی پێویستیشدا کۆدەبوونەوەو گرنگترین بڕیاریان دەردەکرد و خەڵکی بەرپرسیاریان هەڵدەبژارد. شورایەکیش بۆ یەکێتیی ئێتولیسك لە بەرپرسانی شارەکان بە ناوی ((بولێ)) پێکهاتبوو. سەرەتا ئەو شورایە ٥٥٠ ئەندام و پاشان بوو بە ٢٠٠٠ ئەندام، سەرۆکی هەردوو یەکێتییەکان ناوی ((ستراتیك)) بوو، جێگرەکەشی کە سەرپەرشتی کاروباری شەڕی دەکرد بە ((گیپارخ)) بەناوبانگ بوو. کاروباری ماڵی و مەدەنی لەلایەن سکرتێرو پارێزەرانی بودجە، بەڕێوە دەچوو. ستراتێك دەسەلاتی زۆربوو، بەلام ناچاربوو پەیڕەوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی گەل بێت. لە یەکێتیی ئاخێیسکدا قەدەغە بوو هەر ستراتێك دووساڵ لەسەریەك هەڵبژێردرێ.

ئەو دوو یەکێتییە خۆیەخۆو لەگەڵ ماکدۆنیاش شەڕیان دەکرد، (ئتولیەکان لە ساڵی ١٨٩ پێش زاین و ئاخێسکیش لە ساڵی ١٤٩ ی پێش زایین) بەدەستی ڕۆمەکان لەناو چوون. هەر لەو سەردەمەدا لە ئیتالیا لەنێوان شارەکانی خزم و عەشایرەکان فیدراڵییەکی سیاسی و ئایینی هەبوو. یەکێ لەوانە فیدراڵی لاتین بوو کە لە ٧ شارو عەشایر بە سەرۆکایەتی رۆم پێکهاتبوو، فیدراڵی ئێترووس لە باکووری ڕۆم ١٢شار بوو. لە سەدەی سێیەمی پێش زایین رۆم هەموو شارەکانی ئیتالیای داگیر کردو گرێبەستێکی دۆستانەو یەکێتی لەگەڵ ئەو لایەنانە دامەزاند کە مێژووناسان ئەو یەکێتییە بە فیدراڵی ئیتالیا – رۆم لە قەڵەم دەدەن. شارەکانی ئیتالیا بە پلەی جۆراو جۆر پۆلێن دەکران، ئەو شارانەی مافی هاولاتی رۆمیان هەبوو حیسابێکی تایبەتیان بۆ دەکرا و جێگای رێز بوون، شاری تریش هەبوون بە (کۆلۆنی) گەلی رۆم دەژمێردران. لە سەرەتادا رۆم بۆ ئەو کەسانەی زەویان نەبوو، زۆربەیان لەشەڕدا ئەسیر کرابوون مافی کۆلۆنی بۆ تەرخان کردبوون، ئەوانە جگە لە هەندێ مافی سیاسی نەبێت هەموو مافێکیان هەبوو، پەیڕەویان لە یاساکانی رۆم دەکرد و بە هاوپەیمان ناودەبردران.

هاوپەیمانان ناچار بوون باج و سەرانەی شەڕی سەربازی وەك یارمەتی بۆ دەسەڵاتی باڵا بنێرنە ڕۆم. ڕۆمەکان لەمەڕ پرسەکانی تر هەوڵیان دەدا خۆیان لە کاروباریان وەرنەدەن، شارەکان خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆیان بوون، سەرەڕای ئەوەش بەو مافە رازی نەبوون، چونکە داوای مافی یەکسانی هاوڵاتیی ڕۆمیان دەکرد. لە ساڵی ٩٠ ی پێش زاین ئەو داواکاریانە پەسند نەکران و ئیتالییەکانیش ڕاپەڕین و هەوڵیان دا حکوومەتێکی فیدراڵی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و(کۆرفینی) کرا بە پایتەختەکەی و پاشان ناوی ئەو حکومەتە گۆڕاو بۆ ئیتالیا. بۆ جاری یەکەم لە کورفینی ٦٠٠ سنات کۆبوونەوە لەسەر شێوەی دەسەڵاتی ڕۆمی، دوو یارمەتیدەریان بۆ کاری بەڕێوەبەرایەتی سوپایی هەڵبژارد و دراوێکیان لە چاپدا کە نیشانەی یەکگرتنی ئەو فیدراڵیە بوو، سەری ژنێکی تێدا کێشرا بۆوە. ڕۆمەکان ئەو کاتە بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ بوون، کە مافی هاوڵاتی ڕۆمیان بە شارەکانی ئیتالیا بەخشی و بوونە خاوەنی مافی شارەوانی، بەو شێوەیە فیدراڵی ڕۆمی –ئیتالیا کۆتایی هات.

لە سەرەتای دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم زۆربەی شارەکان خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوون و هەتا (ئەتینا و پالمێر) خاوەنی سەربەخۆیەکی زۆر بوون، ئەو شارانەی خاوەنی مافی بڕیاردان بوون لەسەر چارەنووسی خۆیان بە (ئازاد و یەکگرتوو) ناسران، مانای ئازادی ئەوەی دەگەیاند کە ئەو شارانە دەتوانن باج نەدەنە خەزینەی ڕۆم.

دەتوانین بڵێین سەرەتای دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم، مافی ئۆتۆنۆمی شارەکان تا ڕادەیەك پارێزراو بووە، بە داخەوە لە کتێبەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەو بابەتە لەبیر کراوە کە ئەوسا شێوەی خۆبەڕێوەبەرایەتی هەبووە و بۆتە بنەمایەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەدەنیی ڕۆژئاوا.

### ئونی

لە سەدەکانی ناوەندا لە ئەوروپا شێوەی بەڕێوەبردنی پاشایەتی هەبووە، بەڵام ئەو شێوە بەڕێوەبردنە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پاشایەتی ڕۆژهەڵات جیاوازبووە. لە ئەوروپا پادشا لە سەرووی دەسەڵاتی سەربەخۆیی هەرێمی و گروپی کۆمەڵگا و پارێزگا و شارەکان بوو، لە هەمان کاتدا ئەوانە مافگەلی تایبەتی خۆیانیان هەبوو، ئەوسا هەموویان پێکەوە پێیان دەوترا حکوومەت. بەو شێوەیە حکوومەت لە ژێر دەسەڵاتی کەسایەتی پادشادا نەبووە. هەر بۆیەش یەکگرتنەوەی چەند هەرێمێك بە ناوی پاشایەتی وای لەو هەرێمانە یان ئەو وڵاتانە دەکرد واز لە چۆنیەتی بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی ئیداری خۆیان بهێنن، ئەو چەشنە یەکگرتنە بە (ئونی) ناسراوە. دوو شێوەی ئونی هەبووە یەکیان بە ناوی کەسایەتی و ئەوەی تر بە ناوی هەرێمەکەوە. یەکەمیان دانی بە مافی تەواوی سەربەخۆیی حکوومەتەکاندا دەنا و ئەوەی تریش بە شێوە سیستمی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچوو. ئونی کەسایەتی لە شێوەی کۆنفیدراڵی و ئونی هەرێمی وەك فیدراڵی بوو. لە ساڵی ١٣٨٥ سەرکردەی گەورەی (لاتڤیا) یاگایلو کچە پاشای پۆلۆنیا یادفیگی هێنا و بوو بە پاشای پۆلۆنیا، سەرەرای ئەوەش پۆلۆنیا بە جیا

لەگەڵ لاتڤیا ئەنجوومەنی یاسادانان، یاسای تایبەت و بودجەی تایبەتی خۆی هەبوو. تا ناوەڕاستی ساڵی ١٥٦٩ یەکێ لە پاشاکانی بنەماڵەی یاگایلو لە نێوان پۆلۆنیا و لاتڤیا گرێبەستێکی بە ناوی (لۆبلین ئۆنیکیانی) ئەنجام دا. دەتوانین بڵێین ئەوە یەکەمین شێوەی فیدراڵی بوو بەپێی دەستوور. هەر یەك لەو وڵاتانە لە رووی یاسادانان و بەرپرسی بەڕێوەبردن و بودجەی تایبەتی سەربەخۆ بوون. هاوکات لەگەڵ ئەو بارو دۆخە ئۆرگانی هاوبەش لە ئاستی بەرز لە نێوان ئەو دوو وڵاتە پێکهات، هەر دوو لاش ناچار بوون پەیڕەوی لێ بکەن، ئەو ئۆرگانە بە (سێیم) ناسرا بوو، سێیم دەسەڵاتی هەبوو پاشا هەڵبژێرێ. ئەندامانی سێیم دوو جار لە (وارشو)ی پۆلۆنیاو جارێکیش لە (گرودنو)ی لاتڤیا کۆدەبوونەوە. (سێیم) لە هەموو ناوچەکانی ئیداری هەبووە، خاڵی لاوازی ئەو سیستەمە ئەوە بوو دەسەڵاتی جێبەجێکار زۆر لاواز بوو، پاشا بۆ سەرۆکایەتی هەمیشەیی ئەو دەسەڵاتە هەڵدەبژێردرا. پۆلۆنییەکان لەوە دەترسان پاشا زیادەڕەوی لە دەسەڵاتی خۆی بکات و ببێتە دیکتاتۆر. پاشای ئونیی تەنیا لەسەر دەسەڵات بوو، بەڵام حوکمی نەدەکرد، ئەوەش بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرەڵلایی و لە کۆتاییدا دابەشکردنی پۆلۆنیا لە ساڵانی (١٧٧٢ و ١٧٩٢ و ١٧٩٥) بەسەر رووسیا، نەمسا و بڕووس دا.

پاشایانی چەندین وڵاتی ئەورووپی هەوڵیان دەدا پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن و سەرپێچیان لە بنەمایەکانی ئونی دەکرد و هەوڵیان دەدا کە ئونیێك بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئونییەکی تر. بۆ نموونە ساڵی ١٣٩٧ لە کالماری سوێد ئونێیەکی هاوبەش لە نێوان دانیمارك و سوێد و نەرویج دامەزرا و درێژ دەبۆوە بۆ فێنلەنداش، ئەوسا فێنلەندا ژێر دەستەی سوێد بوو. ئەو ئونییە هەموو وڵاتانی سکاندینافی دەگرتەوە و بە دەسەڵاتی ئونی حکوومەتی ئولدینبۆرگی دانیمارك ناسراو بوو. پادشای دانیمارك هەوڵی دەدا دەسەڵاتی خۆی بەسەر سوێدا پەرە پێبدات، ئەوەش بووە هۆی نارەزایی سوێدییەکان. خۆپیشاندانێك کە بەحەمامی خۆێن بەناوبانگە لە ساڵی ١٥٢٠ دا کراو بێ رەحمانە سەرکوتکرا. ئەو سەرکوتکردنە بووە هۆی راپەرینی پتر. لە ساڵی ١٥٢١ ڕابەری ئەو ڕاپەڕینە لاوێك بوو بە ناوی (گۆستاف ڤازە) کە کوڕی کوژراوێکی خۆپیشاندانەکەی ستۆکهۆلم بوو. لە کۆتایدا بە یارمەتی جوتیارانی سوێدی توانیان لە ژێر دەسەڵاتی دانمارکییەکان رزگار بن و گوستاف ڤازە ببێتە پادشاو دیناستێکی نوێ بێنێتەکایەوە. ئەو شێوە دەستەڵاتە لە ساڵی ١٦٤٠ ئیسپانییەکان بە سەر پۆرتوگالیاندا سەپاند، لەگەڵ ئەوەشدا بەر لە ٦٠ ساڵ یەکێتیەك لە نێوان ئیسپانیا وپورتوگالدا هەبوو. نەمساوییەکانی گێرسۆکی بوونە پادشای چیك و هەنگاریا و توانیان ئەو وڵاتانە بکەنە بەشێك لە پارێزگاکانی نەمسا، ئاشکرایە وەرگرتنی ئەو دەسەڵاتەش ئاکامی هەڵویستی سەرکوتکەرانەی چیك و هەنگاریا بوو.

## ئونی وڵاتە دەستوورییەکان

بەریتانیای گەورە نموونەیەکی ئەو جۆرە وڵاتانەیە کە لە ئاکامی یەکگرتنی ئینگلستان و سکۆتلاندا

هاتەدی. پاش مردنی ئێلیزا بێتی یەکەم پادشای ئینگلستان، کوڕەکەی یاکۆنسی یەکەم پادشای سکۆتلاندا کە ناوی (ستیوارتۆ) بوو دەسەڵاتی گرتە دەست. هەر لەو کاتەوە لە ئاکامی یەکگرتنی ئینگلستان و سکۆتلەندا و ئیرلەندا ناوی بەریتانیا بە کار هات، دوای ئەوەش یاکوبی یەکەم پێشنیاری کرد پاشایەتییەکان یەك بگرنەوە، بەڵام ئەو پێشنیارە لە لایەن پارلمانی ئینگلستانەوە پەسەند نەکرا.

ساڵی ١٧٠٧ پاش روخانی دەسەڵاتی ستیوارتەکان وڵاتێکی یەکگرتوو بە ناوی بەریتانیا ڕاگەیەندرا و ئەو سێ مەملەکەتە بوون بە یەك. سکوتلاندا بۆی نەبوو یاسای بنەڕەتی تایبەت بە خۆی هەبێ و پارلمانەکەشیان لە (ئیدنبۆرگ) هەڵوەشاو لەگەڵ ئینگلستان یەکیانگرت. ئونی ئینگلستان و ئێرلەندا ساڵی ١٨٠٠ دامەزرا. پێش ئەو گرێبەستە ئێرلەندییەکان کە بە ڕەسەن ئینگلیز بوون، پارلمانی تایبەت بە خۆیان هەبوو و رێگایان نەدەدا کەمە نەتەوەکانی کاتۆلیکی کاروباری ئێرلاند و دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست. ئەو یاسایانە دژی کاتۆلیکەکان بەکارهێنران، سەرئەنجام کاتۆلیکەکانی ئیسپانیا و پاشان فەرەنسا و لایەنگرانی لەناوچووی ستیوئارتەکانیش کە کاتۆلیك بوون دژی ئەو دەسەڵاتە وەستان.

دیار بوو پرۆتستانەکانی ئینگلیز زۆر ڕقیان لە کاتۆلیکەکان دەبۆوە، وەك مەترسیەك بۆسەر گەلی ئینگلیز و کەنیسەکەیان سەیر دەکران. تا ئێستاش دوژمنایەتی نێوان کاتۆلیك و پرۆتستانتەکان بەردەوامە. ئەو ئونییەی کە ساڵی ١٧٠٧ دامەزرا، لە بەرژەوەندی ئەریستۆکرات و بورژوازی سکۆتلەندا بوو، بۆیە زۆربەی خەڵك نارازی بوون و دەستیانکرد بەڕاپەڕین و داوای هاتنەوەی دەسەڵاتی ستیوارتەکانیان دەکرد. گەورەترین ڕاپەڕین لە ساڵەکانی ١٧١٥ و ١٧٤٥ سەریهەڵدا. پاش ئەوە ڕەوشگەلی سەرکوتکەرانە بەرانبەر سکۆتلەندییەکان خرایە گەڕ و هەتا لەبەرکردنی دامەنی پیاوانیش قەدەغەکراو ئەم بڕیارە تا ساڵی ١٩٩٧ بەردەوام بوو. لەئەنجامی ریفۆرمێك دووبارە مافی پێکهێنانی پارلمانی تایبەت بە خۆیان کە لە ١٢٩ ئەندام پێکدەهات درا بە سکۆتلەندیەکان. لە هەمان کاتدا لە رۆژهەڵاتی ئینگلستانیش، ئوێل کە لە سەدەی ١٣ داگیرکرا بوو، مافی هەبوونی پارلمانی تایبەت بە خۆی وەرگرت. لە سەردەمی نوێی ئینگلستان هەموو ئۆتۆنۆمییەکان جگە لە (سکۆتلاند و وێلز) خاوەنی (یاسای بنچینەیی جێبەجێکردن)ی خۆیانن، هەروەها دورگەکانی مێن کە زۆربەی دانیشتوانی فەرەنسین و دورگەکانی نورمەندی (جێرس وهێرنس) و دانیشتوانی دورگەکانی فاریێرس (ئوردێری وسارك) ئەو مافانەیان هەیە. بۆ نموونە دوورگەی مێن دوو پارلمان و حکومەتی تایبەتی هەیە. کێشەی هەرەگەورەی پاشایەتی بەریتانیا - باکووری ئێرلەندایە، لە ساڵی ١٩٢١ دا شەش گراف لە ئەنجامی ریفراندۆمدا مافی (دومنیون)یان وەرگرت و زۆربەی دانیشتوانی ئەو گرافانە پرۆتستانن، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩ چەندین تێکهەڵچوونی خوێناوی لە نێوان پرۆتستانەکانی زۆرینە و کەمایەتییەکانی کاتۆلیك روویدا.

دژایەتی نێوان کاتۆلیك و پرۆتستانەکان لە باکووری ئێرلەندا بنەمایەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی کۆنی هەیە، دانیشتوانی ئەو هەرێمە زۆربەیان پرۆتستان و ئینگلیزن، کۆچیانکردووە بۆئەوێ و وهەر لە کۆنەوە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریان هەبووە، لە بەرانبەردا کاتۆلیکەکان ئێرلەندین هەم بەژمارە کەمن و هەم هەژارن. ئەو ڕاپەڕینانە لەندەنیان ناچار کرد پارلمانی ئێرلەندا هەڵوەشێنێتەوە و راستەوخۆ سەرپەرشتی بکات. سەرەرای ئەوەش ئەو پرسە هێشتا چارەسەر نەکراوە. هاوکات لەگەڵ ئەو ئونیینانە دومینیونەکانی کۆنی تری وەك، کەنەدا و ئوستراليا و نیوزیلاندو.....هەن سەرۆکەکانیان بە پاشای ئینگلستان دەژمێردرێن و سەرۆکی پارێزگارەکان بەرێوەی دەبا. لە سەدەی نوزدەهەم لە سکاندناڤیا ئەو گۆڕانکاریانە بە دیکراون: رووسەکان، فینلەندیان لە دەست سوێدییەکان دەرهێنا، ئیمپراتۆر ئەلیکسەندەری یەکەم لەگەڵ فینلەندییەکان لە ساڵی ١٨١٤ ئونی پێکهێنا. (ئەو ئونییەی ساڵی (١٨١٥) لە نێوان رووسیاو فینلەندا و پۆلونیا دەرئەنجامی سیاسەت و بیروبڕوای لیبرالی خودی ئیمپراتۆر بوو).

لە ساڵی ١٨١٥ دا سوێدیەکان نەرویجیان لە ژێر دەسەڵاتی دانیمارك دەرهێناو بە پێی گرێبەستی نێوانیان هەردووکیان مافی هاوسانیان هەبوو، هەر یەکە خاوەنی یاسای بنەڕەتی و دەستگای جێبەجێکردن بوون و تەنیا شتی هاوبەشیان پاشاو وەزارەتی دەرەوە بوو، تەنیا سوێدی ڕەگەز دەیتوانی ببێتە وەزیری دەرەوە. ئەمەش هانی نەروێجییەکانی دا لەسەر ئەو کێشەیە نارازیبن و خوازیاری پۆستی سەفیری، کونسولی یان بەشێکی تایبەتی نوێنەرایەتی نەرۆیج بن لە هەموو سەفارەتەکاندا. نەروێجییەکان لەگەڵ سوێد لە ئونی دابوون و، ساڵی ١٩٠٥ داوای جیابوونەوەیان کرد، جێگری پاشای دانیمارك (هاکون)یان بانگهێشت کرد ببێتە پادشای نەروێج. ناسیۆنالیستەکانی سوێد دژی جیابوونەوەی نەرویج بوون و هەڕەشەی هەڵایسانی شەڕیان دەکرد، وەلێ پاشای سوێد جیابوونەوەی بە پەسەند زانی. فینلاند لەسەر وەزع و باری خۆی لەگەڵ رووسیادا رازی بوو و بەپێچەوانەوە توندڕەوەکانی رووسیا رەخنەیان دەگرت کە فینلاند لە رادەبەدەر دەسەڵاتدارە، بۆ نموونە کاربەدەستانی فینلەندی لە سوپای پیادەو دەریایی پۆستی باڵایان بەدەستەوە بوو. رووسەکان ئەو کاتە دەیانتوانی خاوەن موڵکی تایبەت بن یان ببنە کاربەدەست کە ڕگەزنامەی فینلەندیان هەبایە یان حکومەتی هێلسنکی بڕیاری لەسەر بدایە. هێڵی شەمەندەفەری نێوان فینلەندا و رووسیا لە دەست فینلەندەکاندا بوو، رووسەکان ناچار بوون بە زمانی فینلەندی یان سوێدی بدوێن و داراویشیان لە (رۆبڵ)ەوە بکەنە دراوی فینلەندی. تەنیا دواترین قەیسەری رووسیا نیکۆلای دووەم فەرمانی دەرکرد دووەمین زمانی رەسمی فینلەندا ببێتە زمانی رووسی و قەیسەر مافی ئەوەی هەبێ دەست لە کاروباری ناوخۆی فینلاندا وەربدات. ئەو کارانە بوونە هۆی پەیدابوونی بیروباوەڕی شۆرشگێرانە دژی رووسیا، لە هەمان کاتدا شۆرشگێرانی ئۆپۆزیسیۆنی رووسیا بە ئازادی لە

فینلەندا دەژیان، بۆ نموونە لیـنین ماوەیـەکی زۆر لـە فینلەندا ژیا و پاش سەرکەوتنی شۆرشـی ئۆکتۆبـەر، سەربەخۆیی فینلەندەی بە فەرمی ناسـی. لەوکاتـەدا رووسیا زۆر لاواز بوو جگە لە داننـان بەسـەربەخۆیی فینلەندا چارەیەکی تری نەبوو. لە سـالّی ١٨١٥ تـا سـالّی ١٨٣٠ ولاتێکــی تــریش (پۆلۆنیــا) لــە چوارچێوەی ئیمپراتـۆری قەیـسەری رووسـیادا بـوو، سـوپا و حکوومـەت و پارلمـانی خـۆی هـەبوو، تایبەتمەندییەکانی پۆلۆنیا لەگەلّ فینلەندا ئەوە بوون: لە پۆلۆنیا هەسـتی نەتەوایـەتیی خـەلّك و دژایـەتی رووسیا بەهێز بوو، ئەوە بووە هۆی ڕپەڕین، لە سالّی ١٨٣٠ وەزیرێکی کابینە بە نـاوی نێکـۆلای پاشـای پۆلۆنیا بـە قەیـسەری رووسـیای راگەیانـد کـە ئـەو بۆچوونانە زۆر جیدین و هەردوو لابەرەو شەڕ دەبات، لە ئاکامدا پۆلۆنیا جیابۆوە. هەر لە سالّی ١٨٣٠ دا شۆرشێکی سەرکەوتوانە لە بەلجیکا سەریهەلّداو بووە هۆی تێکدانی ئونیویەکەی نێوان بەلجیکا و هۆلەنـدا کە تەمەنی ١٥ سالّ بوو.

**پاشایەتی نەمسا و هەنگاریا**

دەسـەلاّتدارانی نەمـساوی دەسـتیان بەسـەر پانتاییـەکی زۆری زەوی ئـەوروپا داگرتبـوو لـە ئۆکرانییەوە هەتا بەلجیکا و ئیتالیا، دەمێك بوو ئەو دەسەلاّتدارییە بێ نـاوو نیـشان بـوو، تـا لـە سـالّی ١٨٠٦ دا ناوی ئیمپراتۆری نەمسای لێنرا.

ئەو ئیمپراتۆریەتە لە روی ئتنیکی و حقوقییەوە، هەمە جۆر بوو، لە سـەدەی شـانزەهەمدا پاشـایەتی هەنگاریا ئونیان لەگەلّ نەمسا هـەبوو، زۆر لایـەنی تـری وەك کراواسـیا و سـلۆڤاکیا و ڤایڤۆدینـا کـە زۆربەی دانیشتوانی سربی بـوون بەشـی ترانـسلڤانی رۆمانیاش لەگەلّ هەنگاریادا خاوەن ئۆنی بوون.

چیك و باکووری ئیتالیـاش لـە ژێـر دەسـەلاّتی ئیمپراتۆری نەمسا بوون. نەمساوییەکان بـۆ ئـەوەی بتوانن دەسەلاّتی خۆیان بپارێزن پـەیرەوی بنـەما و مێتـودە جیاوازەکـانی فـەرمانڕەواییان دەکـرد، بـۆ نموونە سالّی ١٨٤٨ کە پۆلۆنییەکان لە هەرێمی لڤۆڤ دژی نەمـساوییەکان ڕاپـەڕین، نەمـساوییەکان جوتیارانی ئۆکرانییان لە دژی پۆلۆنییەکان هاندا، کە هەنگارییـەکانیش دژی نەمـسا ڕابـوون کراواسییەکانیان دژی هەنگاریا هانـدا،، چـونکە زۆر رقیان لە هەنگارییـەکان بـوو، بـە چـاوی داگیرکـەر سـەیریان دەکـرن. بـەم سـەرکوتکارییە رژێمێکـی دیکتاتۆری هاتە کایەوە.

لـە ئاکـامی شـەڕی نەمـسا لەگـەلّ فەرەنـسا و ئیتالیا، نەمسا تووشی شکستێکی گەورە بوو، پاش ئەو تێشکانە دەرکەوت ئـیتر دەسـەلاّتی دیکتـاتۆری ناتوانێ پەرەبسێنێت، بۆیە ئـەو یەکیەتییـەی نێـوان نەمساو هەنگاریا بـە نـاوی ئیمپراتـۆری لـە سـالّی ١٨٦١ یاسای بنەڕەتی راگەیاند، بەلاّم قەیرانەکە بەو شێوەیە کۆتایی نەهات، هەنگارییەکان داوایان دەکرد بگەڕێنەوە سەر یاسای بنەڕەتی سـالّی ١٨٤٨، ئـەو قەیرانە تـەنیا لـە ئاکـامی شـکانی نەمـسا لەگـەلّ برووسیا لە سالّی ١٨٦٥ کۆتـایی پێهـات، ئەوکاتـە وەزیری دەرەوەی نەمسا ئیمپراتۆری ڕازیکـرد لەگـەلّ هەنگارییەکان بکەونە سازش و وتووێژ لەگەلّ رابەری هەنگارییـەکان، دیـاکو وەگـراف ئەنـدراش کـە لـە

ڕاپەڕینی دژی نەمسا بە لە سێدارەدان تاوانبار کرابوو. لە ١٧ ی ٢ ساڵی ١٨٦٧ دا ئیمپراتۆر یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٨٤٨ پەسەند کرد و لە ڕۆژی دووەم ئەندراتی بە بەرپرسی پارلمان هەڵبژێردرا و لە ٨ ی ٦ دا ئیمپراتۆر فرانس یوسف لە پاش سوێندخواردنی یاسایی بە پاشای هەنگاریا هەڵبژێردرا.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی هەر دوو وڵات سەربەخۆیی ناوخۆییان دەپاراست، تەنیا لە سیاسەتی دەرەوە و لەشکری هاوبەش بوون. ئەو بێگانانەی لەو وڵاتانەدا دەژیان بە هاوڵاتی نەمسا یان هەنگاریا دەژمێردران. بودجەی هەردوو وڵات لە دەرامەتی گومرك و بەروبومی ناوخۆیی پێکدەهات، سێ وەزیر، دارایی و دەرەوە و بەرگری هاوبەش بوو. ئەو وەزارەتانە، پارلمانی (٦٠) ئەندامی هاوبەش، سەرپەرشتی دەکردن و بڕیارەکان بە گۆڕینەوەی نوت چارەسەر دەکران و ئەگەر بە سێ جار ئەو کێشانە چارەسەر نەکرابان ئەوسا بە دەنگدان بڕیارێ هاوبەش وەردەگیرا.

یاسا گەرەنتی ئەوەی دەکرد کە نەتەوەکان لە خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکاندا مافی یەکسانیان هەبێت. لێرەدا دژایەتی نەتەوەیی بەرچاو دەکەوت، نەتەوەی سلاڤ و ڕۆمانی هەستیان بە نا دادروەری ئەڵمان و هەنگارییەکان دەکرد. چیکەکان کە بە بەشێك لە نەمساوییەکان دەژمێردران بە یەکێ لە پێشکەوتووترین میللەتانی ناو ئەو فیدراڵە لەقەڵەم دەدران و داوای مافی هاوسانی هەنگارەکانیان دەکرد و دوابەدوای ئەوان گەلانی تریش ئەو داخوازیانەیان هەبوو، بە گشتی داوای فیدراڵی هەرێمی دەکرا. بەڵام ئەو داواکارییانە جێبەجێ نەکران. ئیمپراتۆر کارلی یەکەم ساڵی ١٩١٨ کاتێك ئەو داوایەی پەسند کرد کە ئیمپڕاتۆریەتەکەی لە ئاکامی جەنگی یەکەمی جیهانی لێکهەڵوەشابوو.

## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە دایکبوونی شێوەی نوێی فیدراڵیزم

یەکەمین نمونەی سەردەمی نوێمان شێوەی فیدراڵیزمی وڵاتە یەکگەرتوەکانی ئەمریکایە، ئەو چەشنە فیدراڵیزمە کەڵکی لە زۆر شێوەی فیدراڵیزم بە تایبەتی لە کۆنترین شێوەی سویسرا وەرگرتووە.

کۆلۆنیکردنی باکووری ئەمریکا لە لایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی ١٦٠٧وە دەستی پێکرد، یەکەمین کۆلۆنی ڤیرجینیا بوو. پاش تێپەربوونی سەدو پەنجا ساڵ ژمارەی ئەو کۆلۆنیانە گەیشتنە ١٣ کۆلۆنی: ڤیرجینیا، مێرلێند، باکوورو باشووری کارۆلینا، جۆرجیا، ماساچوسێتس، ڕود ئایلێند، نیوهێمپشیر، کۆنکتیکوت، پێنسلڤانیا، نیویۆرك، نیوجێرس، دیلاڤێر. ئەو کۆلۆنیانە بە بیانوی ناردنە دەرەوەی دانیشتوانی زیادەی خاوەن کۆلۆنییەکان بۆ زەویەکانی ڤالا، دامەزران. دانیشتوانی ئەو کۆلۆنیانە خاوەن مافی ئازادی و مافەکانی هاوڵاتی بوون بە پێی دیکۆمێنتەکانی ساڵی ١٢١٥ و بەڵگەنامەی ڕەچاوکردنی ئازادی هاوڵاتیان لە ساڵی ١٦٧٩ بە ناوی

(Habeas caopus act) و زۆر بەڵگەنامەی تری لەو چەشنە. یەکەمجار خەڵکانی ڕادیکاڵ کە لە

لایەن کەنیسەی پرۆتستانەکانەوە تاوانبار کرابوون، لەو کۆلۆنیانە نیشتەجێ دەکران بۆ نموونە (ولیام پێن) کە کۆلونی پێنسیلڤانیای دامەزراند و لە لایەن کەنیسەوە کەسایەتییەکی ناپەسەند بوو. ئەو کەسانە بانگەشەی هاوسانی خەڵکیان دەکرد و رایان وابوو مرۆڤەکان لەڕووی سەرمایەوە نەبێ کە خوا دەیدات دەنا لە هەموو روویێکەوە یەکسانن، چ یەکسانی کەنیسەیی و بنەمایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی چ رێکخراوی لەسەر بنچینەکانی گرێبەست واتە ئەو مافانەی (ئەلتوزیوس) بۆ سەروەری فیدراڵی ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکردن. ئەو بیروڕایانە تا رادەیەکی زۆر لەمەڕ چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات تا ئەو کاتە لە ئینگلستان وەردەگیران. لەو رووەوە فەیلوسوف و تیوریزانی ئینگلیزی جۆن لۆك یاسای بنەڕەتی باکووری کارۆلینای نووسیوە، بەو پێیە هەر کۆلۆنییەك یاسای بنەڕەتی تایبەت بە خۆی هەبوو، و دەسەڵاتی شەرعی لە لایەن ئەنجوومەنەکان و پارێزگاریش لە لایەن پادشاوە بە ناوی president هەڵدەبژێردرا، کە ئەوسا بە مانای سەرۆکی ئەنجوومەن دەهات، دەسەڵات بە پێی سنوور نەبوو بەڵام پارێزگار مافی ڤیتۆی لەسەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنی (لێگیسلاتور)ی هەبوو و دەیتوانی هەڵیانوەشێنتەوە. لەبەر ئەوەی کۆلۆنییەکان ژمارەیان کەم بوو و دەسەڵاتیان لاواز بوو، بەرژەوەندیان لەوەدا بوو دەسەڵاتێکی بەهێز هەبێت، بەڵام کاتێك دانیشتوانی ئەو کۆلۆنیانە لەساڵەکانی ٧٠ی سەدەی ١٨دا گەیشتنە ٣ ملیۆن و پەیوەندییە ئابووری بازرگانییەکان پەرەیان سەند، کۆلۆنییەکان هەستیان بە چەوسانەوە کرد. دەتوانین تیۆرییانە بڵێین رێگاچارە بۆ ئەوەی بەریتانیا بتوانێ ئەمریکا لەژێر دەسەڵاتی دا بهێنێتەوە دانی مافی سەروەری بوو وەك چۆن مافی دومینیونی بە چەند وڵات بەخشی. بەڵام پاشا و پارلمانی بەریتانیا بە پێچەوانەی ئەو رێگاچارەیە هەنگاویان هەڵدەنایەوەو بە هەموو شێوەیەك مافی کۆلۆنییەکانیان پێشێل دەکرد، ڕەوانەکردنی خەڵکی کۆلۆنییەکان بۆ سەر زەوییە نوێیەکان قەدەغە کرا، رادەی مالیاتیان لەسەر زیاد کرا، تەنیا ئینگلیزەکان مافی بازرگانی کردنیان هەبوو. بۆ نموونە کۆلۆنییەکان مافی ئەوەیان نەبوو ڕاستەوخۆ چای لە هند بکڕن، دەبوایە بە نرخێکی سێ جار گرانتر لە ئینگلیزەکانی بکڕنەوە، بە گشتی ئینگلستان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی پیشەسازی و بازرگانی ئەمریکای دەخنکاند. لە ساڵی ١٧٧٤ دا کۆلۆنییەکان یەکەمین کۆنگرەیان بەست. پ. زگالوئی پێشنیاری کرد وڵاتێك لە کۆلۆنییەکان پێکبهێنرێت و مافی ئونی لەگەڵ ئینگلستان هەبێت، شێوەی ئەو وڵاتە لە دومینیون دەچوو. پێشنیار کرا شورایەکی گەورە لە ئەنجوومەنەکان (لێگسلاتور) و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەرۆکی گشتی پێکبهێندرێت. ئەو پێشنیارە نەك هەر ڕەتکرایەوە بەڵکو بە هەوڵێك بۆ ڕاپەڕین لە قەڵەم درا.

لە ١٩ ئاپریلی ساڵی ١٧٧٥ دا یەکەمین ڕاپەڕینی چەکداری دژی هێزەکانی ئینگلستان سەریهەڵدا. ئەو رۆژە بەیادی شەڕی ئازادی تۆمارکراوە. لە ١٥ی مانگی ٥ نوێنەرانی

کۆلۆنییەکان لە فیلادلفیا کۆبوونەوە و دووەمین کۆنگرەیان بەست، هەر لەوێ بنجامین فرانکلین پێشنیاری پێکهێنانی کۆنفیدراڵی کۆلۆنییەکانی کرد. لە دکیۆمێنتەکەیدا هاتووە بەرزترین ئۆرگانی کۆنفیدراسیۆنی کۆلۆنییەکانی باکووری ئەمەریکا دەبێ کۆنگرە بێت و کاروباری دەرەوە و دەریایی و لەشکر و چاپکردنی دراو و مافی رێکخستنی بازرگانی نێوان کۆلۆنییەکانی پێ ببەخشرێت. ئەوکاتە ئەو پلانە بە پلانێکی توندڕەو دادەنرا. هێشتا زۆر لە کۆلۆنییەکان خۆیان بە بەریتانی دەژمارد و تەنیا داوایان دەکرد بە هاوڵاتی ئینگلیزی ئازاد لە قەڵەم بدرێن. ساڵێك بەسەر نەچوو لە ١٥ی ٥ی ١٧٧٦ دا شەڕ بەرەو قۆناغێکی ئاڵوزتر چوو، هەموو ئەو گرێبەستانەی نێوان کۆلۆنییەکان و بەریتانیا هەڵوەشێنرانەوە و کۆلۆنییەکان سەربەخۆیی و سەروەری خۆیان وەکو وڵاتانی سەربەخۆ (states) راگەیاند. لە ٤ جونی ١٧٧٦ دا جاڕنامەی سەربەخۆیی راگەیاندرا، خاڵە گرینگەکانی ئەو جاڕنامەیە لەلایەن توماس جێفرسۆنەوە داڕێژرابوو. ئەو دیکۆمێنتە یەکجار گرنگە چونکە یەکەمجار بوو باسی سەروەری نەتەوایەتی و مافی چارەنووسی گەلان بکرێت. بەپێی ئەو دیکۆمێنتە ئەگەر ئەو گەلانە مافیان پێشێلکرا دەتوانن ڕابپەڕن، ئەو دیکۆمێنتە دەڵێ: هەر نەتەوەیەك مافی هاوسانی لەگەڵ نەتەوەکانی تر هەیە و دەتوانێ مافی یەکسانی و سەربەحۆیی هەبێت. ئەمەش بەپێی یاسای خوڵقانی سروشتە کە دەڵێ: مرۆڤ بەیەکسانی لەدایکبووەو دەبێ مافی ژیان و ئازادی و خۆشبەختیشی هەبێ و حکوومەتان بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون و بە رای خەڵکیش دەسەڵاتیان لێدەسێنرێتەوە (ئەوە یەکەمین دکتۆرینی رەسمی مێژوییە کە باسی سەروەریی گەلان دەکات). ئەگەر هەڵسوکەوتی ئەو حکوومەتانە ئاکامی تێکدەرانەی بۆ گەل هەبێ لەو کاتەدا مافی گەلە کە ئەو حکوومەتە بگۆڕێت و حکوومەتێکی نوێ بهێنێتە سەرکار. هەر لەو بانگەوازەدا هاتووە: ئێمە لە کاتی شەڕ دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بە دوژمنکارانە و لە کاتی ئاشتی بەدۆستانە دەزانین. مافی رەوای کۆلۆنییەکانە سەروەری خۆیان رابگەیەنن و شەڕ یان ئاشتی لەدەست خۆیان دایە ودەتوانن بکەونە هاوپەیمانی یەکگرتن و بازرگانی و... زۆرشتی تر.

پاش تێپەڕبوونی سێ رۆژ ئەو بانگەوازە لەلایەن کۆنگرەوە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کۆنفیدراڵی پەسەندکرا. لە ١٤ی نۆڤەمبەری ١٧٧٧ رەوانەی ویلایەتەکان کرا تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. ویلایەتەکان جگە لەویلایەتی میریلاتد لە مانگی ٣ی ساڵی ١٧٨١ ئەو بانگەوازەیان پەسەندکرد. میریلاندیش بە هیوای فەرەنسا بوو بەهانایەوە بێت، کەچی فەرەنسا رایانگەیاند ناتوانێ یارمەتی بدات و ئەویش بەخێرایی بانگەوازی یەکگرتنی پەسەند کرد.

درەنگ پەسەندنەکردنی ئەو بانگەوازە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی زۆری کۆنگرە، کە لە سەرووی یاسای ویلایەتەکانەوە بوو دەیتوانی خۆی لەکاروباری ویلایەتەکان هەڵقورتێنێ. هەر پرۆژەیەك لە دەسەڵاتی ویلایەتەکانی کەمکردبایەوە بەهیچ شێوەیەك پەسەند نەدەکرا، بەپێی ئەو بانگەوازە

حکوومـــەتی ناوەنـــدی دەیتـــوانی مالیـــات لەســـەر ویلایەتـــەکان دابنێـــت و ئەمـــەش یـــەکێ لـــە هۆیـــە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینی دژبە ئینگلیزەکان بـوو. بـە شێوەیەکی تیۆری لەو کاتـەدا بـیروڕای سـەربەخۆیی شارەکان باو بوو، واتە هەر شـارێك لـە چوارچـێوەی حکوومەتێکـدا بێـت و زۆر خـاڵ کـە دەسـەڵاتی ویلایەتەکانیان کەم دەکردەوە لەناوبران، لەبـەر ئـەوە پرۆژەی فرانکلین وەك بنەمایەك هەڵبژێردرا.

یەکـەمین دەسـتووری وڵاتـە یـەکگرتووەکان لـە ۱۳پـــەرەگراف پێکـــدەهات، لەوێـــدا ڕاگەیانـــدراوە: ویلایەتەکان لە ((کۆمەڵـەی بـەهێزی دۆسـتایەتی)) پێکدێن و هـەر ویلایـەتێك خـاوەنی سـەربەخۆیی و سەروەری و ئازادیی خۆیـەتی و تـەنیا کـۆنگرە ئـەو ویلایەتانـە پێکـەوە دەبەسـتێت. هەرچـەند هـەر ویلایەتە مـافی دەنگێکـی هـەبوو بـەڵام دەیتـوانی ساڵانە دوو تا حـەوت نوێنـەر کـە لـە ئەنجوومـەنی یاســادانانی ویلایەتــەکان هەڵدەبــژێردران ڕەوانــەی کۆنگرە بکات، ئەوەش سـەرەڕای ئـەوەی کـە چـەند نوێنـەریان نـاردووەو هـەر نوێنـەرەش سـێ جـار هەڵدەبــژێردرێ ئینجــا مــافی نوێنەرایــەتی لێــی دەسێندرایەوە. لە کـاتی نەبەسـتنی کۆبوونـەوەکانی کۆنگرە، کۆمیتەی ویلایەتەکان کە لە یەك نوێنەر بۆ هەر ویلایەتێك پێکدەهات، کۆدەبوونـەوە، بڕیـاردان پێویـستی بـە ۹ دەنـگ لەبەرانبـەر ۱۳ واتـە۲/۳ دەنگەکان هەبوو. کۆنگرە کێشەکانی شـەڕو ئاشـتی بەســەرکردایەتی لەشــکر کــە لــە میلیــشیاکانی ویلایەتــەکان پێکــدەهات، کێــشەکانی دەرەوەو پەیوەندار بە هیندییەکانی ئەمریکاو کێشەی نێـوان ویلایەتەکان و چـاپکردنی دراوو هـەناردنی پۆسـتەو وەرگرتنی قەرزی، چارەسەر دەکـرد. بـە شـێوەیەکی تیۆری، کۆنگرە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسـادانان و دادوەری هەبوو، بەڵام میکانیزمی بەڕێوەبەرایـەتی دەســـەڵاتی جێبـــەجێکردنی پیـــادە نـــەدەکراو پەرەگرافەکان ئەرکەکانی سـەرۆك و دادگـای باڵایـان دیاری نەدەکرد. بۆ نموونە کە جـۆرج واشـنتۆن داوای کرد سەربازانی سوپا، سـوێندی وەفـاداری ویلایەتـە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا لـــە چوارچـــێوەی ویلایەتەکاندا بخۆن، بەسەرسوڕمانەوە ئەو داخوازییـە ڕەدکرایەوە. ویلایەتەکانی تریش دەبـوو پاشـایەکیان بەسەردا زاڵ بێ، بۆیە بڕیارە دەرکراوەکـانی کـۆنگرە تەنیا سروشتی ڕاوێژکارانەیان هەبوو.

پـــاش کۆتـــایی شـــەڕ، ســـوپای ئـــەمریکا هەڵوەشـایەوەو ئیـسپانییەکانیش لەسـەر ویلایـەتی میـسی سـپی بەرانبـەر ئەمـــەریکا نـاڕازیبوون. ئینگلیزەکـــان سەرپێـــچیان لـــە جێبـــەجێکردنی گرێبەستی ئاشتی سـاڵی ۱۷۸۳ کـردو دژی نـاردنی سـەفیری ویلایەتـە یـەکگرتووەکان بـۆ ئینگلـستان وەستان، لە جیاتی ئەوە داوایان دەکـرد سـەفیری ۱۳ ویلایـەت بنێـرن. نـەبوونی یـەکجۆری سیـستەمی مالیات و گومرگ وای کرد لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببێتە شەڕی ئابوری و بڕی گومرگی نێـوان ویلایەتـــەکان لـــە گـــومرگی دەرەوە پـــتر کـــرد. ئینگلیزەکان کەڵکیان لـەو هەڵومەرجـە وەرگـرت و بازاڕەکانی ئەمریکایان پڕ لە کالای ئینگلیزی کـرد. ئەگەر یەکێ لە ویلایـەتەکان هـەوڵی دابـا گـومرگ لەسەر کالاکانی ئینگلیز زیاد بکا ئەوا ئینگلیزەکـان

ڕێگای بازرگانیان بۆ هاوسێکەی دەگواستەوە، بۆ نموونە فەیلەسوف جێمس مێدیسۆن کە لە پاشان بوو بە یەکێ لە بنیاتنەرانی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان بەسەر سوڕمانەوە دەڵێت: بازرگانانی فیرجینیا بێ ئەوەی هەستی نیشتیمانپەروەریان هەبێ توتنی خۆیان بە کەشتیەکانی ئینگلیزی بۆ ویلایەتەکانی تر دەگواستەوە. خەزێنەی فیدراڵی دراوی تێدا نەمابوو، ویلایەتەکان هەوڵی جیدییان بۆ پڕکردنەوەی بودجەی ناوەندی نەدەدا، کۆنگرەش هیچ سەرچاوەیەکی دراوی نەبوو لە ئاکامدا نەیدەتوانی قەرزەکانی شەڕ بداتەوە هەتا ئەگەر قۆناغ بە قۆناغیش بوایە. تاکە ڕێگای پڕکردنەوەی خەرجییەکان لەچاپدانی دراوی کاغەزی بوو کە ویلایەتەکانیش مافی چاپکردنی دراویان هەبوو، ئەوە بووە هۆی هەڵئاوسانی مالی. لە ساڵی ١٧٨١باری ویلایەتەکان وای لێهات یەك دۆلاری زیو بەرانبەر ١٠٠ دۆلاری کاغەز بێت. بۆ ئەوەی بزانین کە ویلایەتەکان چۆن ڕێزی کۆنگرێسیان دەگرت و پابەندی بڕیارەکانی بوون، جارێك لە کۆبوونەوەی کۆنگرێسدا نوێنەرانی سێ ویلایەت بۆ بڕیاردان لە سەر ڕێککەوتننامەی ئاشتی و دانانی ئینگلستان بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆبوونەوە و پاشان لە ساڵی ١٧٨٤دا بە زۆری و بە دوو جار توانیان ڕای ٩ ویلایەت وەربگرن. کۆنگرێس بۆ چارەسەری ئەو کێشانە هەوڵی دا دەسەڵاتێکی جێبەجێکارو سێ کۆمیتەی سوپایی و دەریایی و ماڵی لەگەڵ سکرتاریەتی هەمیشەیی پێکبهێنێت، بەڵام بەرهەم و سوودی ئەم سێ کۆمیتەیە زۆر کەم بوو، بەنەمانی شەڕ سوپا هەڵوەشێنرایەوە، سوپای دەریاییش ئەوەندە بەرچاو نەبوو، بودجەی یەکگرتووش لە بارێکی ناڕێکدا بوو. بە وتەی ئەندامانی کۆنگرە: فۆنەدەکانیان لە دەستچوون و قەرزەکانیشیان خەرجکران و بڕوایان بەیەکتری و بە فیدراڵیزم نەما. لە کەشوهەوایەکی ئاوادا لایەنگرانی حکوومەتێکی ناوەندی بەهێز لە زیادبووندا بوون. کەسایەتی هەرە ڕادیکاڵی ئەو ناسیۆنالیستانە کە بە ((ناوەندگەرا) و فیدراڵیست ناوبانگی دەرکردبوو ئەلیکسەندەر هامیلتۆن لایەنگری سیستمی پاشایەتی هاوشێوەی بەریتانیا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی دامەزراندنی سیستەمێکی ئاوها لە ئەمریکا مەحاڵە. هەر لە ساڵی ١٧٨١ دا ئەفسەرانی ناڕازی ئەمریکا پێشنیاریان کرد جۆرج واشنتۆن ببێتە دیکتاتۆر، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەو ڕایەدا نەبوو. دەرکەوتنی ئەو جۆرە داخوازییانە بنچینەی سیاسیان هەبوو، چونکە وا هەست دەکرا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رووی نێونەتەوەیی هیچ پێگەیەکی نییە. لە پاش تەواوبوونی شەڕ هەست بە تێشکانی ئابووری و بازاڕی ناوخۆ دەکرا و سیستەمی قەرزی تێکوپێك درابوو. لەلایەنی کۆمەڵایەتیش، تێکدانی سوپا و بێ توانایی کۆنگریس لەمەڕ دابینکردنی ژیانی خەڵك، هۆیەکی تر بوو. سوپا هەستی دەکرد نەگەیشتۆنە ئامانجەکانی خۆی. زۆربەی پیکهاتەکەی سوپا وردە جوتیاری خاوەن مڵك بوون کە لە شەڕدا کەوتنە ژێر باری قەرزو و ناچاربوون سەرمایەکانیان بفرۆشنە دەوڵەمەندان. ناڕەزایی خەڵك پەرەی دەسەندو هاوکات لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتیە داواکاری پێکهێنانی دەسەڵات، لە زیادبووندا بوو.

لە سەرەتای ساڵی ١٧٨٦ دا کۆنترین ویلایەتی ئەمریکا، ڤیرجینیا بانگەوازێکی بۆ هەموو ویلایەتەکان نارد کە بێن بەشداری لە کۆنگرە (کۆنڤێنت)دا بکەن و بابەتیش باسی بازرگانی بوو. تەنیا نوێنەرانی ٥ ویلایەت بۆ کۆنڤێنت هاتبوون و لە ١٩ سپتامبەر لە شاری ئاناپۆلیس کۆبوونەوە، بەڵام کێشەی بازرگانییان وەدواخست و داوای کۆبوونەوەیەکی تریان کرد کە لە مانگی ٥ی ساڵی داهاتوودا بکرێت و یاسای بنەڕەتی کۆنڤێنت دابڕێژرێ و یەکێتی فیدراڵی لەسەر دەستوور دابمەزرێ، زۆر ویلایەت ئەو بانگەوازەیان بە شتێکی نایاسایی لە قەڵەم دا، بەڵام ڕاپەڕینی ((شێیس)) لە ماپاچوسێتس زۆر شتی گۆڕی.

دانییێل شێیس کاپیتانی سوپای ئەمریکا بوو، کاتی خۆی میدالیای زێری شپاگوی وەرگرتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیتوانی قەرزەکانی بداتەوە بێ مایە ببوو. شێس جەنگاوەرانی کۆنی سوپاو وردە جوتیارانی خاوەن زەوی وەکو خۆی کە تووشی قەرز ببوون، کۆکردەوە، ڕاپەڕین و دەستیان بەسەر دادگا و ئەرشیفەکاندا گرت، پۆلیس و ویلایەتەکان دژیان وەستان، بەڵام لە ترسی پەرەسەندنی ئەو ڕاپەڕینە زۆر پارێزگا پشتیان دەگرتن، لەناکاو لە ژێر رابەرایەتی شێیسە زیاتر لە ١٥ هەزار کەس کۆبوونەوە کە زۆربەیان بۆ شەڕی سەربەخۆیی لەگەڵ واشنتۆن دابوون !!

ژەنەرال لینکلۆن بەو هێزە پۆلیسیەی کۆی کردبۆوە بە سەختی توانی بەشێکی ڕپەڕینەکە دابمرکێنێتەوە و ١٣ سەرکردەی دەستگیر بکات، بەڵام لە ترسی پەرەگرتنی ڕاپەڕین بەخشران.

ئەو ڕاپەڕینە بووە مایەی ترسی دەوڵەمەندان و لەرزاندنی سیستەمی کۆنفیدراڵی، بۆ رزگار بوون لەو وەزعە بەدزییەوە پێشنیار دەکرا پادشای پرووس یان واشنتۆن تاجی پادشایەتی وەربگرن، وەلێ هەردووکیان ئەو داخوازییەیان رەدکردەوە، هەتا واشنتۆن نووسی کە ئەو حکوومەتە لەرزۆکە بەبای باوەشێن دەڕووخێت بۆیە پێویستە ڕێگاچارەیەك بدۆزرێتەوە.

لە مانگی یەکی ساڵی ١٧٨٧ دا کۆنگرێس داوای لە ویلایەتەکان کرد نوێنەر بنێرنە کۆنڤێنت. سەرئەنجام لە مانگی ٥ دا ٥٥ نوێنەر جگە لە ویلایەتی رودئایلێندا کۆبوونەوە. ئەو نوێنەرانە پرۆژەی دەستووریان لەگەڵ خۆ هێنابوو. لە رۆژی ٢٥ مدا کۆنڤێنت بەکۆبوونەوەی داخراو دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، واشنتۆن بە بەرپرس هەڵبژێردرا. لە ٢٩-٥دا بەرپرسی ڤیرجینیا (رێندولف) پرۆژەی یاسای بنەڕەتی کە کاتی خۆی جێمس مێدیسۆن بۆ ویلایەتی ماساچوسێتسی نووسیبوو، خوێندەوە. بەپێی ئەو پرۆژەیە کۆنگریسی لە دوو پەلات پێکدەهات پەلاتی خوارەوە بەپێی ژمارەی دانیشتوان نوێنەریان هەڵدەبژارد، پەلاتی سەروو کە بە سینات بەناوبانگە نوێنەری ویلایەتەکانی بە یەکسانی دیاری دەکرد، کۆنگریس مافی ڤیتۆی هەبوو، سەرۆك کۆمارو دادگاکان شوراێکیان پێکهێنابوو مافی چاودێری یاسای هەرێمەکانی هەبوو.

لــە لێکۆڵینــەوەی ئــەو پرۆژەیــەدا ویلایەتــە بچوکەکان دەترسان ویلایەتە گـەورەکان کـە خـاوەنی دانیــشتوانی زۆر و توانــای ئابورییــان زۆرە ببنــە بالادەســت و خۆیــان بەســەر ویلایەتــە بــچوکەکاندا بسەپێنن. بۆیە هەوڵیاندەدا لە وشـەی کۆنفیـدرالیزم دوورنەکەونەوەو لەبنچینەکانی ئەو پرۆژەیــە لانــەدەن کــە لــە ســاڵی ١٧٧٧ بــە نــاوی ((بڕیارەکــانی پاتێرسون)) لە نیوجێرس بڕیاری لەسەر درابوو. لەبەر ئــەوە کــۆنگرێس تــەنیا بابــەتی مــاڵی و بازرگــانی بەرفراوانکرد.

نوێنەری نیویـۆرك هــەردوو پــرۆژەی ڕێنــدولف و پاتێرسۆنی بە چاوێکی ڕەخنەگرانە شـیکردەوە و لــە وتووێژەکەیدا بەدڵ لەگەڵ سیستەمی بەریتانیدا بــوو، بە پێویستی دەزانی سەرۆك کۆمـارو سـیناتەکان بــۆ هەمیشە هەڵبژێرێن، زۆربەی نوێنەرانیش ئەو وتەیان پەسەند کرد، وەلێ دانیان بەوە دانــا بــۆ پرۆژەیــەکی ئاوا هێشتا زووە، بۆیە لــە کۆبوونــەوەی کۆنگرێــسدا بەلای ئەو پرۆژەیەدا نەچوون. سەرەرای ئــەو هــەموو ڕەخنــەو تێبینیانــە لــە کۆتاییــدا پــرۆژەی ((پــلان ڤێرجینیا)) پەسەندکرا. بۆ چارەســەرکردنی جیــاوازی بەرژەوەندی نێوان ویلایەتی گەورەو بچووك بڕیــار درا کۆمیتەیــەك بــە ڕابەرایــەتی فرانکــولین دابنــرێ و هــەروەك لەســەرەوە باســکرا نوێنــەرانی کــۆنگریس لەبەشی خوارەوە بــەپێی ســەرژمێری دانیــشتوان بــێ، بــەڵام ســیناتەکان بــە شــێوەیەکی یەکــسان و بــەبێ رەچاوکردنی ژمــارەی دانیــشتوان و پێــوەری جــوگرافی دەستنیشان بکرێن. بەو شێوەیە میکـانیزمی ســازش تــا رادەیــەکی زۆر لــەنێوان گــەلان و هەرێمــەکانی ئەمریکا کە لە هــەمان کاتــدا بــە نــاوی دیاردەکــانی فیدراڵیزم دەژمێردرێن، هاتنەدی.

بەم ڕەوشە سیــستەمی یاســای ئــەمریکا کــە لــە پەلان نوێنەران پێکدێ بەپێی هەڵبژاردنی ڕاسـتەوخۆی بۆ هەر ٣٠ هەزار کەس نوێنەرێك بۆ ماوەی دوو ســاڵ هەڵدەبژێردرێ. بــۆ ئەنجوومــەنی ســیناتەکان هــەردوو نوێنەر لە هەر ویلایەتێك بۆ ماوەی ٦ساڵ دادەنرێـت. بەرێوەبــەری دەســەڵات ســەرۆکە (پرێزیــدێنت) کــە دەسەلاتی زۆری پێدراوە و هەندێ جار ناوی ((پادشــای هەڵبژێردراو))ی لێ دەنــرێ و بــۆ مــاوەی چــوار ســاڵ هەڵدەبــژێردرێت و لــە هــەمان کاتــدا ســەرۆکی حکوومەتیشە. دەتوانێ حکوومەت و سەرۆکی گـشتی سوپا و ئەندامانی هەمیـشەی دادگـا ڤیتــۆ بکـات و ڤیتۆی نسبی لەســەر کۆنگرێـسیش دابنێیـت ((١)). جیاوازی نێوان ڤیتۆی رێژەیی و ڤیتۆی رەهــا ئەوەیــە: ڤیتۆی نسبی بــۆ ماوەیــەك پرۆژەیــەکی یاســایی یــان بڕیارێك رادەگرێت، بــەڵام ئەگــەر کــۆنگرێس دووبــارە ٣/٢ دەنگی لەسەربدا ئەوا بڕیارەکە شـێوەی یاســایی بەخۆیەوە دەگرێت، وەلێ وەك بەکردەوە دەرکەوتووە لە ١٠ حاڵەت یەك حاڵەتی ئاوا روودەدا.

ســەرۆك کۆمــار (١) دەســەلاتی لــە پادشــای ئینگلـستان زیـاتربوو (١) ((وشـەی سـەرۆك کۆمـار (پرێزیدێنت) بـۆ بەرپرسـی بەرێوەبەرایـەتی هاوبـەش بەکارهێنراو بە هەڵبژاردن دێتە سەرکار)).

بەو شێوەیە دابەشکردنی دەسەلات و ســەربەخۆیی بەشەکان زۆر ئاشکراو روون دیاری کران. لێردا بابــەتی نووسینمان لەسەر فیدراڵیزمە لە جێی خۆیــەتی بڵـێین سیــستەمی فیــدراڵیزم ســەرکەوتنێکی گــەورەی لــە

ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا بەدەســتهێنا، ئەمەش بە دوو خاڵ دیاری دەکەین:

یەکەم: مافی حکوومەتەکانی فیـدراڵی بـەڕوونی دیاری کراون، دووەم: بە ئاشکرا هەندێ یاسای گشتی فیدراڵی هاتوونەتە دەستنیشان کردن. بەرزترین هێـزی دەسەڵاتی دادوەری بە ناوی دادگای بـاڵا هاتەکایـەوەو ئەرکەکانی لە ئـەرکی دادگـای هـەرێمی جیاکرانـەوە. دادگای فیدراڵی تەنیا دەتوانێ لەسەر ئاسـتی گـشتی فیدراڵی یاساکان رۆڵی خۆی ببینێ، کێشەی خیانەت، تەزویری دراو، قاچاغچییەتی... نـەبێ لـە دەسـەڵاتی دادگای فیدراڵی دایە دەنا بۆ کاروباری دادگایی کردنی کەسایەتی و تـاوان دادگاکـانی هـەرێمی سـەربەخۆن. ئەرکی سـەرەکی ناوەندییـەتی فیـدراڵی کۆکردنـەوەی مالیـات و گـومرگ و رێکخـستنی پەیوەنـدی نێـوان ویلایەتەکان و پەیوەندی لەگەڵ دەرەوە و بـەڕێوەبردنی کاروباری سوپای پیـادەو دەریاییـە. ئـەو توانایـە بـە ((دەسەڵاتی جزدان و شمـشێر)) نـاوی دەرکردبـوو، بـە گشتی یاسای بنەڕەتی خاڵ بە خاڵ باسی ئەو بوارانـەی خوارەوە دەکات:

پەیوەندییـــەکانی دەرەوە، مالیـــاتی فیـــدراڵی، گرێبەســـتی قـــەرزو هەرەســـهێنانی کۆمپانیییـــەکان، چاپکردنی دراو، دادگایی کردن لەسەر تـەزویری دراو، رێکخستنی کاروبـاری پۆسـت، بـەڕێوەبردنی سـوپای پیادە و دەریایی. بۆ کاری تێکدەرانە سوپای فیـدراڵی بەرەزامەندی ویلایەتەکان دەتوانی سـوپا بنێرێـت. بـە شـێوەیەکی بەرچـاو نووسـراوە، ویلایەتـەکان مـافی ئەوەیان نییە خۆ بەخۆ یەکبگرن یان دراو چاپ بکـەن، یان سیاسەتی مالیی بێ رەزامەندی کۆنگرێس دیـاری بکەن یان پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە ببەستن یـان لەگەڵیان بکەونـە شـەڕ، تـەنیا لـە حاڵـەتی هێرشـی هندییەکانی ئەمریکی نەبێت. تێکڕای ئـەو بابەتانـەی لــە چوارچـێوەی دەســەڵاتی فیــدراڵی دان و بــۆ ویلایەتەکان قەدەغە نـەکراوە، کەواتـە ویلایەتـەکان مافی ئەوەیان هەیە کاریان پێ بکـەن. بـەو شـێوەیە سازشــێکی رەزامەندانــە لــەنێوان ویلایەتــەکان و دەسەڵاتی فیدراڵی هاتەکایەوە. ئەو بنـەما گرنگـەی لێـرەدا ڕەچـاوکراوە ((دابەشـکردنی دەسـەڵاتە)). سـنووری دەسـەلاتی ناوەنـد بـۆ هـەموو بوارەکـانی حکوومەت دیاری کراوە. بـەو شێوەیە کـۆنگرێس و ســەرۆکی ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا و دەســەڵاتی ویلایەتــەکان وەك ٣ هێــزی جیــاواز، ســەربەخۆییان پـارێزراوە. هـەر لایەنـە بـەپێی ئـەو ئەرکانەی بۆی تەرخانکراوە کار دەکا. دەسـتوور داوا دەکات پایتەختێك بۆ حکوومەتی فیدراڵی دەستەبەر بکرێــت بــەو مەرجــەی لــەژێر کــۆنترۆڵی هــیچ ویلایەتێکدا نەبێت.

دەستوور لـە ١٧ سـپتەمبەری ١٧٨٧ واژۆ کـراو یەکەمین واژۆ هی جۆرج واشنتۆن بوو. ئەو دەستورە لە نۆڤەمبەری هـەمان سـالدا چـاپکرا. پاشـان لەلایـەن ٧٠٠ هــەزار پیـــاوی دانیـــشتووی ویلایەتـــە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا گفتوگـۆی لەسـەر کـرا. لێکۆڵەری ئەمریکی پ. بیبلین دەڵێ: ئایـا پەیوەنـدی بەرتەسکی نێـوان ویلایەتـەکان و دەسـەڵاتی بـەهێزی ناوەند، نابێتە هۆی پێشێلکردنی ئازادی و سەربەخۆیی دانیشتوانی ئەمـەریکا؟ بۆچـوونی توندڕەوانـەتر لـەو بارەیەوە بۆچوونی پـارتی ((دژە فیـدراڵیزم)) بـوو کـە

لەسەر جەماوەر زۆر کاریگەر بوو، لەو بڕوایە دابوو ئەو ناوەندە بۆ سەر ویلایەتەکان مەترسیدارە. یەکێ لە هەڵسوڕاوانی ئەو تێڕوانینانە پارێزگاری نیۆیۆرك، کلینتۆن بوو ڕایگەیاند: ئەندامانی کۆنفێنت دەسەڵاتی چاککردنی دەستوریان هەبوو نەك نووسینی دەستورێکی نوێ، بۆیە ئەو دەستووره بنەمایەکی یاسایی نییەو پێویستە دانیشتنێکی نوێی کۆنفێنت بە ئاشکرا بکرێت، ئەو(کلینتۆن)، ئەو پرۆژەیەی دژ بە ئازادی و ئیدئالەکانی ساڵی ١٧٧٦ دادەنا. لە نیۆیۆرك کتێبەکانی دەستوور سووتێنران و لە ماساچۆسێتسیش خەڵك بەکۆمەڵ دەستیان دایە هەڵگرتنی چەك و پێانوابوو ئەو دەستووره دژی بنەمای سەربەخۆیی هەرێمەکانە، دوور نییە ناوەند سیاسەتێکی ماڵی ئەوتۆ بگرێتە بەر ببێتە هۆی کەمکردنەوەی داهاتی هەرێمەکان و خەڵك بەرەو ماڵوێرانی ببات، و ترسی ئەوە هەبوو سوپا دەسەڵات بگرێتە دەست و حوکمێکی دیکتاتۆری دابمەزرێنێ و حکومەتە هەرێمییەکان بخاتە ژێر ركێفی خۆی. بۆ وەڵامی ئەوە نووسەرانی ئەو دەستووره ((گامیلتون و مێدیسۆن و جون جی)) ژمارەیەك وتاریان لە ڕۆژنامەکاندا بە ناوی فیدراڵیزم بڵاوکردەوەو پاساویان دێنایەوەکە ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بۆ خودی خەڵکی هەرێمەکان دەگەڕێتەوە، دەسەڵات بەپێی یاسا بەسەر ویلایەتەکان و ناوەنددا دابەش کراوە، بەرژەوەندی هەردوو لا ڕەچاو کراوە، گەل دەتوانێ یاساکانی دەسەڵاتی خۆی چاك بکات، هیچ لایەنێکی دەسەڵات ناتوانێ مافی بەشەکانی تر پێشێل بکات. بۆ ئەوەی مەترسی سوپایان لەسەر لاچێت هەر ویلایەتێك دەبێ میلشیای خۆی هەبێت تا بتوانێ بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ. لایەنگرانی فیدراڵیزم دەیان سەلماند کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبنە وڵاتێکی یەکگرتووی بەهێزو لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی کۆنفیدراڵی سەربەخۆیی ویلایەتەکان پارێزراو دەبێت.

پەسەند کردنی دەستوور بە ڕێگایەکی سەختدا تێپەڕی، سەرەتا لە ڤێرجینیا ٨٩ کەس بەرانبەر ٧٩ و لە ماتساچۆتسێتس ١٨٧ بەرانبەر١٦٨ ولە نیۆیۆرك ٣٠ بەرانبەر٢٧ دەنگیان داو لە کۆتاییدا هەموو ویلایەتەکان جگە لە ویلایەتی رود ـ ئایلێندا نەبێت ئیمزایان کرد. هەموو ویلایەتەکانی تر هەڕەشەیان لە رود ـ ئایلێندا دەکرد تا لە ساڵی ١٧٩٠ دا ئەو ویلایەتە بە ویلایەتێکی بێگانە لە قەڵەم درا و سیاسەتی تایبەتی مالیاتی بۆ دیای کرا، ئینجا ویلایەتی رود ـ ئایلێندا ناچار بوو ئەو دەستووره مۆر بکات.

لە دواییدا دەسەڵات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرەو بەهێزبوونی ناوەند قۆناغ بەقۆناغ گواسترایەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی دادگای باڵا لەمەزندەکردنی کێشەکان پشتگیری مافەکانی ناوەندی دەکرد وئەمەش دەبووە هۆی کەمکردنەوەی سەروەریی ویلایەتەکان، بۆ نموونە ویلایەتی ماساچۆسێتس هەوڵی دا باج لەسەر بانکی فیدراڵی زیاد بکات، بەڵام لە ساڵی ١٨١٦دا دادگای باڵا ئەو داواکارییەی ڕەدکردەوەو سەروەری بە دەسەڵاتی ناوەند بەخشی. لە بەرانبەردا، ویلایەتەکان ئەو گۆڕانکاریانەیان بە شتێکی خراپ دەزانی. لەو بارەیەوە جینیفرسۆن کە لایەنگری لامەرکەزی بوو لە ساڵی ١٧٩٨ هەوڵیدا ئەو کردەوانە بە نایاسایی لە قەڵەم بدات. پاش پەسەندکردنی دەستوور مێدیسۆن ڕای خۆی

گۆڕی و لاگیری سەربەخۆیی ویلایەتەکانی کرد. هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵانی ١٨٦١ تا ١٨٦٥ کۆتایی بە بیرۆکەی سەربەخۆیی ویلایەتەکان هێنا (١). زۆر جار وتو وێژ لەسەر ئەوە دەکرێت کە گوایە هۆی شەڕی ناوەخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر کێشەی مافی چارەنووسی گەلان بووە، بەڵام بە رای ئێمە ئەو بۆچوونە ڕاست نییە، ئەگەری ئەو شەڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ویلایەتە کۆنفیدراڵەکانی باشوور هەوڵیان دەدا درێژە بە دەسەڵاتی کۆیلەداری رەشەکانی ئەفریقا بدەن، لەلایەکی تریشەوە هەر کۆنفیدراڵی باشوور بوو هێرشیان کردە سەر فیدراڵی ناوەندی و وەکو خۆپاراستن لە وەڵامدا شەڕ دەستی پێکرد. لە ١٧ نیسان سەرۆك لینکۆلن رایگەیاند ویلایەتەکانی باشوور هۆکاری تێکدانن. ئەگەر لێی وردبینەوە دەبینین ویلایەتەکانی باشوور پرنسیپەکانی مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە و هێرشیان بردۆتە سەر دەسەڵاتی فیدراڵی. هەر دەسەڵاتێك لە جێگای حکوومەتی لینکۆلن با بەو شێوەیە وەڵامی ئەو ویلایەتە کۆنفیدراڵانەی دەدایەوە کە بە ئاشکرا بەبێ ئەوەی مافی مرۆڤ لەسەرووی داخوازییە سیاسییەکان دابنرێت سیستەمی کۆیلایەتیان دامەزراندبوو مافی مرۆڤیان پێشێل دەکرد، لە ئاکامدا هەر ئەو ڕێگاچارەی لینکۆڵن رەچاو کرا.

## سوێسرا کۆنترین شێوەی فیدراڵیزم لە ئەورووپا

هاوڵاتیانی نیشتەجێی چیای سوێسرا کە لە دەوروبەری دەریای ژنێف دەژین لە سەدەکانی ناوەندی کۆمەڵگای جۆراوجۆری سەربەست پوون، خۆیان بەڕێوەدەبرد و دەستووریان لە بەر پرسی هەرێمی وەردەگرت، ئەو بەرپرسیەش لەلایەن ئیمپراتۆری ئەڵمانی یان نەمساوییەکان دەستەبەر دەکرا. دەسەڵات لە هەندێ هەرێم بە ((کانتۆن)) بەناوبانگ بوو. لێرەدا هەڵبژاردن ڕاستەوخۆو دیموکراتانە بە بەشداری دانیشتوانی پیاو بەڕێوەدەچوو. لە سەدەی پازدەهەمدا یاسایەك پەسندکرا کە تەنیا کەسانێك دەتوانن دەنگ بدەن تەمەنیان لە چواردە ساڵ کەمتر نەبێ، وەلێ بۆ بەشداری کۆبوونەوەکان منداڵانیش دەیانتوانی بەشدار بن. ئەو ڕێککەوتنە تا ئێستاش لە سێ کانتۆنی سوێسرا بەردەوامە کە تێکڕا ژمارەیان ٢٣ کانتۆنە. لە ١ی ئابی ساڵی ١٢٩١ دا سێ کانتۆن پەیمانێکی هاوبەشیان لەنێوان خۆیاندا بە ناوی یەکێتیی هەمیشەیی بەست، ئەو رۆژە، بە رۆژی لەدایکبوونی سوێسرای کۆنفیدراڵی دەژمێردرێت. بابەتی ڕێککەوتنەکە بە زمانی لاتینی نووسرا بوو ئەو رێککەوتننامەیە تا ئێستاش لە مۆزەخانەی سوێسدا پارێزراوە. لەو ڕێککەوتنەدا هاتووە کانتۆنەکان ناچارن لە رووی ڕاوێژکارییەوە یارمەتی یەکتر بدەن، بەکردەوە بە ماڵ و گیان لە چوارچێوەی خاك یان لە دەرەوە بێت و ڕووبەڕووی ئەو هێرشانە بوەستن کە هەوڵ دەدا زوڵمیان لێبکا، ئەو کەسانەی دان بە دادگاکاندا ناهێنن و هاوڵاتی ئەو کانتۆنانە نین. شەڕی بەرزاییەکانی مورگارتێن بە کردەوە سەربەخۆیی و یەکێتیی ئەو کانتۆنانەیان سەلماند. سوێسرا بەنارەسمی تا سەدەی ١٥ پەیڕەوی لە ئیمپراتۆری ئەڵمان دەکرد. لە ساڵی ١٦٤٨ لە کۆنگرەی ڤیستیڤال بەشێوەیەکی نێونەتەوەیی دان بەسەربەخۆیی سویسرادا نرا.

لە سەدەکانی دواتردا ژمارەی ئەو یەکیتییانە پتر بوون. زۆربەی ئەو کانتۆن و شارانە ئەڵمانی زمانن، بەشێکی کەمیان نەبێ بە فەرەنسی و ئیتالی و ریتورۆمانی دەدوێن. ئێستا ٧٠٪ ی بە زمانی ئەلمانی و ٢٠٪ ی بە زمانی فەرەنسی و ١٥٪ ی بە زمانی ئیتالی و ١٪ ی بە زمانی ریتورۆمانی دەدوێن، ئەو چوار زمانە لە سوێسرا زمانی رەسمین. ئەو کانتۆنانە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ و خاوەنی سیاسەتی سەربەخۆی دەرەوە بوون و دەیانتوانی لەگەڵ لایەنی تر پەیمان ببەستن بە مەرجێك دژی بەرژەوەندی کانتۆنەکانی ترنەبێت. تاکە دەسەڵاتێك کە توانای کۆنترۆلی ئەو کانتۆنانەی هەبوو ((کۆنگرەی لاندتاك)) بوو کە لە هەر کانتۆنەی نوێنەرێك تیایدا بەشداری دەکرد. بڕیارەکان دەبوو بە کۆی دەنگ بان ئەگینا هیچ هێزێکی هاوبەش نەبوو ئەو لایەنە سزا بدا کە سەرپێچی دەکات. سەربەخۆیی ئەو کانتۆنانە سنووردار بوو. لە سەدەی ١٥ هەمدا زیوریخ لەسەر کێشەی زەوی بۆ ماوەی ١٦ ساڵ شەڕی لەگەڵ کانتۆنی هاوسێ کردو سەرەرای ئەوەش یارمەتی دەرەوەی لە نەمسا وەردەگرت.

لە سەرەتای سەدەی ١٦ هەمدا ژمارەی کانتۆنەکان گەیشتە ١٣، بەو پێیە سنوورەکانی سوێسرا دیاری کران. ئەو ولاتە بەسەر دوو بەشی کاتۆلیك و پڕۆتستاندا دابەشکرا. ئەو جیاوازییە ئاینییە بووە هۆی ڕوودانی چوار شەڕی ناوخۆیی. ئەو شێوەیە یەکگرتنە کۆنفیدراڵییە تا شۆرشی فەرەنسا مایەوە. لە ساڵی ١٧٩٨ دا سوێسرا لەلایەن فەرەنساوە داگیر کرا، سەرەتا بە شێوەی ئونیتاری بوو، بەلام لە سەردەمی ناپلیۆن دووبارە بوو بە فیدراڵی.

ساڵی ١٨١٥ پاش لەناوچوونی ناپلیۆن سەرلەنوێ پەیمانێکی کۆنفیدراڵی بەستراو کانتۆنەکان دووبارە مافی سەربەخۆیی سیاسەتی دەرەوەیان وەرگرتەوە. تا ئەو کاتەدا ژمارەیان گەیشتە ٢٢ کانتۆن، ساڵانە جارێك هاوینان لە کۆنگرەیەکی یەکگرتوودا لە یەکێ لە کانتۆنە گەورەکان وەك (زیوریخ و بێرنێ و لیوسێرنێ) کۆدەبوونەوە و لەسەر بابەتە هەرە گرینگەکان وەك ناردنی نوێنەری دیپلۆماتی و چاکسازی سوپا و رێکخستنی بودجەیەکی یەکگرتوو دانوستانیان دەکرد. سەرپەشتی بەرێوەبردنی کاروباری گشتی لە ئەستۆی ئەو لایەنە بوو کە بۆ دواجار کۆنگرەی تیا بەسترابوو. دەوروبەری ساڵی ١٨٣٠ لە زۆربەی کانتۆنەکان لیبرالەکان ریفۆرمی دیموکراتی و فراوانکردنی مافەکانی هەڵبژاردنیان ئەنجامدا. ئەوانە دەسەڵاتی فیدراڵیان بەهێز کرد، لە بەرانبەر ئەو ریفۆرمانە لایەنی دواکەوتووی کاتۆلیکی چەکیان هەڵگرت و بوون بە ئۆپۆزیسیۆن و لە سێ کانتۆن بە ناوی پارتی پارێزگاران بوونە خاوەن دەسەڵات. ئەوانە پەیوەندیەکی نەهێنیان بە ناوی (زوندێر بۆند) بەسەرپەرشتی لیوتسێرن دژی ریفۆرمیستەکان دروستکرد، لە ساڵی ١٨٤٧ دا یەکێتیی سێیەم داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکێتیە نەهێنییەی کرد، لەم لاشەوە زۆندێربوند داوای لە لایەنگرانی خۆی کرد چەك هەڵگرن، لە ئاکامدا رووبەرووی سوپایەکی ١٠٠ هەزار کەسی بوونەوە، ئەو شەڕە تەنیا مانگێکی خایاند. لە ساڵی ١٨٤٨ دا کۆنگرەی کانتۆنەکان بڕیاردرا دەستوورێکی هاوشێوەی دەستووری ولاتە یەکگرتووەکان دابڕێژێ، تا ئێستاش ئەو دەستوورە بالادەستە.

بەپێی ئەو دەستووورە بەرزترین دەسەڵاتی ولات ئەنجوومەنی فیدراڵیە کە لە دوو پەلات پێکدێت یەکەمیان شورای میللی و دووەمیان شورای کانتۆنەکانە. ئەندامانی شورای میللی بە دەنگدانی گشتی هەڵدەبژێردرێن. ساڵی ١٨٧١ مافی دەنگدان درا بە ژنان. بۆچوونێکی بەهێز لە سویسرا هەبوو کە سیاسەت تەنیا کاری پیاوانە. لە هەر کانتۆنێك دوو ئەندام بۆ ئەو شورایە دەستنیشان دەکران. لە ئەندامانی شورای میللی دەسەڵاتی بەرێوەبەر بە ناوی شورای فیدراڵی کە لە ٧ کەس پێکدەهات هەڵبژێردرا. شورای فیدراڵی رۆڵی حکوومەت و سەرکردایەتی هاوبەشی دەبینی و هەر ساڵە سەرلەنوێ ئەو سەرۆکایەتییە هەڵدەبژێردرایەوە. شورای فیدراڵی نەیدەتوانی سەرۆکایەتی هاوبەش یان گروپی هەڵبوەشێنێت و سەرۆکایەتی گروپیش ئەو دەسەڵاتەی نەبوو. ئەندامانی سەرۆکایەتی هاوبەش دەبوو لە کانتۆنەکانی زیوریخ و بێرن بن، دووکەس کاتۆلیك و پێنجیشیان پرۆتستان بن، دەبوو ٤ تا ٥ کەس ئەڵمانی زمان و ١ تا ٢ کەس فەرەنسی زمان و یەکیش ئیتالی بێت. هەر ئەندامێکی سەرۆکایەتی هاوبەش سەرپەرشتی وەزارەتێکی دەکرد، بۆ نموونە وەزارەتی دەرەوە و بەرگری و ناوخۆیی. ئێستاش پرنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان گروپە جۆراوجۆرەکانی زمانی بەردەوامە، بۆ نموونە دەسەڵاتی لەشکری سویسرا بەو شێوەیە: (چوار ئەڵمان، دوو فەرەنسی، یەك ئیتالی). ئەگەر بێت و فەرەنسی زمانێك خانەنشین بکرێت ئەوا بە دوای ئەفسەرێکی تری فەرەنسی زماندا دەگەڕێن. بەرێوەبەرایەتی پۆست لەلایەن سێ کەسەوە بەرێوە دەبرێ، دووانیان ئەڵمانی و یەکێکیان فەرەنسی و ئیتالی زمان. ئەو شێوە دابەشکردنەی دەسەڵات لە کۆمەڵگە بچووکەکانی هەرێمیش هەیە، بۆ نموونە بە هیچ شێوەیەك پەسەند ناکرێت فیدراسیۆنی فوتبالی سویسرا تەنیا لەلایەن ئەڵمانی زمانەکان بەرێوە بچێت. لە رووی ئایینیشەوە هەوڵ دەدرێت هاوسانی بپارێزدرێت. بۆ نموونە لەناو ریزەکانی سوپا دەبێ ژمارەی کاتۆلیك و پرۆتستانییەکان یەکسان بێت، ئەو شێوە دابەشکردنە بەیاسا نەهاتۆتەدی بەڵکو وەك نەریت پەیرەوی لێ دەکرێت. لە سویسرا دەسەڵاتێك بە ناوی دادگای تەمیز نییە و ئەگەر کێشەیەك بێتە پێش هاوڵاتیان لەرێگای کۆکردنەوەی ئیمزاو پاشان بە ریفراندۆم چارەسەری دەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە ٥٠ هەزار ئیمزا کۆبکرێتەوە، ئەگەر داواکارییەکە پەیوەندی بە گۆڕینی یاساوە یان دەستوورەوە هەبێ ئەوا پێویستە ١٠٠ هەزار ئیمزا کۆبکرێتەوە.

لەگەڵ هەبوونی مافی هاوڵاتی فیدراڵی تا ئێستاش هاووڵاتیان دەبێ مافی هاوڵاتیبوونی کانتۆنەکانیشیان هەبێت، سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵ لە دەسەڵاتی کانتۆنەکان بەرزترە، دەتوانێ سیاسەتی دەرەوە سیاسەتی هاتوچۆو وکۆنترۆڵکردنی نرخ و گۆڕینی دەرسەدی دیاریکراوی مالیات و دادگای مەدەنی و تاوان بگۆڕێت. لە بەرانبەر ئەوە کانتۆنەکانیش مافی دادگای مەدەنی و تاوان، خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، پاراستنی سیستمی هاتوچۆو تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی

ئاگرکوژێنەوە... یان هەیە. کانتۆنەکان دەتوانن دەستووری تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەڵام دەبێ ئەو دەستوورە بە ڕەزامەندی یەکێتیی بێ. زۆربەی کانتۆنەکان لەلایەن ئەو شورایانەی هەڵبژێردراون، بەڕێوەدەچن جگە لە سێ کانتۆنی (ئاپێسێل و گلارووس و ئونتێرڤالدێن) کە تا ئێستا راستەوخۆ و دیموکراتیانە بەڕێوە دەچن واتە هەموو ئەندامانی کانتۆن لە کۆبوونەوەی رەسمی کۆدەبنەوەو بڕیار دەدەن.

تا ئێستاش دووبەرەکی نێوان لایەنگرانی فیدراڵی و لایەنگیرانی ناوەندگەری کە سەردەمێك بووە هۆی شەڕی ناوخۆ لە سویسرا بەدی دەکرێت، وەلێ سەرەرای ئەوە کانتۆنەکان بروایان وایە پێویستە بنەمایەکانی ڕێزگرتن لە ((جیاوازی و پەیڕەوکردنی بنەمای یەکێتی)) بپارێزرێن و لەسەری بڕۆن.

### کۆماری یەکگرتووی پارێزگاکان

شتێکی ئاساییە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان لە سیستەمی پاشاییەوە گۆڕاون بۆ کۆماری، بەڵام نیدێرلەندا (هۆڵەندا) تاکە وڵاتە کە لە کۆماری فیدراڵییەوە بۆتە پاشایەتی. لە سەدەکانی ناوەڕاست نیدێرلەندا لە خاکی ئێستای هۆڵەندا و بەلجیکا و لوکزیمبورك و چەندین پارێزگای تر پێکدەهات و هەر پارێزگایەش مافی خۆبەڕێوەبردنی هەبوو. نوێنەرانی ویلایەت و پارێزگاکان، گشت ویلایەتەکان، بە بانگەوازی گشتی لەسەر ئاستی نێدرلەندا، کۆدەبوونەوە. لە سەرەتادا ویلایەتەکان دەبوو بڕی نوێ مالیات دیاری بکەن و مالیات دەستاودەست لە ئاکامی گرێبەندی ژن و ژنخوازی و میرات وەرگرتن دەگوازرایەوەو خەرج دەکرا، ئەمەش تا سەدەی ١٦ واتە پێش داگیرکردنی ئەو وڵاتە بە دەست پاشای ئیسپانیا فیلیپای دووەم، درێژەی هەبوو.

داگیرکەرانی ئیسپانیا حوکمێکی خوێناوییان دژی پرۆتستانەکان گێڕا، ئەو دەسەڵاتە نەك هەر جێگای ڕزامەندی نەبوو بەڵکو بوو بەهۆی ڕاپەڕینی پارێزگاکان و ئەمەش بە یەکەمین شۆڕشی بورژوازی لەقەڵەم دەدرێت. سەرەتا بە خەباتی پارتیزانی پیادە و دەریایی لە ژێر ناوی (گیزۆف) دەستی پێکرد. لە ساڵی ١٥٧٢ گیوزوڤەکانی دەریایی چەتەی دژی گەشتە دەریاییەکانی ئیسپانی بوون، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو نۆ شاری بێرینیان ڕزگارکرد، ئەوەش بوو بە هاندەری ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری. ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن سوپاوە بەرابەرایەتی (ڤیلهێلم ئورانسکی) سەرکردایەتی دەکرا، چۆنیەتی سەرکەوتن و لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی ئەو شەڕە بابەتێکی تایبەتە کە لێرەدا تەنیا دەمانەوێت بڵێین لە ٢٣/ ١/ ١٥٧٩ لە شاری ئوتریخ نوێنەرانی پارێزگای هۆلەند و زیلەند و ئوترێخ و فریسلەندیا گرێبەستی یەکگرتنەوەیان بە ناوی ((ئونی ئوتریخی)) ئەنجامدا و پاشان ٥ پارێزگای تریش پەیوەندیان پێوەکرد. بەو شێوەیە کۆماری یەکگرتووی پارێزگاکان کە بە کورتی پێی دەڵێن هۆڵەندا، دامەزرا، ئەو ناوەش لە گەورەترین پارێزگا وەرگیراوە. بەرزترین ئۆرگانی ئەو کۆمارە سەرۆکایەتی ویلایەتەکان بوو کە لە هاگ لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری سوپا، سیاسەتی دەرەوە، مالیات و یاساگەلی دارایی کۆدەبۆوە. گرینگ نەبوو هەر ویلایەتێك چەند نوێنەری هەیە، چونکە مافی تەنیا یەك دەنگی هەبوو. جگە لەوەی هەر ویلایەتێك چەند نوێنەری

هەبا تەنها مافی یەك دەنگی هەبوو، پرسەكانی ڕێكەوتنی نێونەتەوەیی و دیاریكردنی بڕی مالیات دەبوایە بە كۆی دەنگ با و باقی بە دەنگی زۆر پەسەند دەكرا.

١٢ نوێنەری پارێزگاكان شورای حكومەتیان پێكدەهێناو پێش هەموو شتێك شەڕیان چارەسەر دەكرد. بودجەی حوكومەت لە ئابوونەی پارێزگاكان پێكدەهات، جاری وا هەبوو پارێزگا بچووك و هەژارەكان توانای دانی ئابوونەیان نەبوو لە بری ئەوان پارێزگا دەوڵەمەندەكانی وەك زیلەند و هۆڵەندا ئەو برە پارەیان دەدا، وەلێ دواتر بە هێزی سوپا ئەو پارێزگایانەیان ناچار دەكرد ئابوونەكەیان بدەن. گەورەترین دەسەڵاتی بەرێوەبەر لە پارێزگاكان (شتاتگالێتر) بوو، شتاتگالێتری پارێزگای هۆلەندا كە بە گەورەترین پارێزگا دەژمێردرا سەركردایەتی هەموو هێزەكانی ویلایەتی دەكرد. بۆ پۆستی سەركردایەتی شتاتگالیتر ئورانسكی نەوەی ڤیلهیلم ئورانسك هەڵبژێردرا، ساڵی ١٥٨٤ ڤیلهێلم لەسەردەمی شا فیلیپ بە دەستی ئیماندارانی توندڕەو ((بەلتەزار ژێدار)) كوژرا(١). ((لە بەرانبەر ئەو ڕووداوەدا شا فیلیپ بەڵێنی دا بڕێكی زۆر پارە بدا بەو كەسەی ڤیلهێلم ئورانسكی و ئیلیزابێت بكوژێت، بەڵێنیشی دا پاپای ڕۆمیش لەبەردەم خوا لە گوناهەكانی خۆش دەبێت، بەڵام هێمنی و وردی سیخورەكانی ئینگلیز دەرفەتی كوشتنی ئێلیزابێتیان نەدا)) بەرپرسی شتاتگالێتر وەك نیوە دەسەڵات پادشا بوو، بۆیەش ئەفسەران و مالباتی پادشا لە دەوروبەری كۆدەبوونەوەو هەوڵیان دەدا ڕۆڵی بە هێز بێ و وەك پاشای لێبكەن. هێزی ئوپوزیسیونی بورژوازی (پارتی‌محافەزەكاران)یش داوای مانەوەی دەسەڵاتی سەربەخۆیی خۆی دەكرد. ناكۆكییەكی بەردەوام لەنێوان لایەنگری پارێزگاكان و ئونیونیستەكان هەبوو كە بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، جاری وا هەبووە چەندین جار كەسایەتی شتاتگالێتر گۆڕاوەو جاری واش بووە بۆتە هۆی چەسپاندنی دەسەڵاتی دیكتاتۆرانەی ئورانسكی.

لە ساڵی ١٧٩٥ كۆماری یەكگرتووی پارێزگاكان لە لایەن فەرەنساوە داگیركرا و كۆتایی بە دەسەڵاتی هات، لە جیاتی ئەو كۆمارێكی سەر بە فەرەنسا بە ناوی ((كۆماری بەتاڤس) دامەزراو پاشان برای ناپلیۆن ئەو كۆمارەی كردە پاشایەتی. لە ساڵی ١٨١٤ دا پاش ڕووخانی ناپلیۆن، كوڕی دواین شتاتگالێتر خۆی كرد پادشای نێدرلەندا، هۆڵەند دوو پایتەختی هەبوو یەكیان ((هاگە)) كە ئەندامانی پەرلەمان واتە نوێنەرانی ویلایەتەكانی گشتی و ئەوی تر (ئەمستێردام)ە كە مەكتەبی پادشاو حكومەتی لێ كۆدەبوونەوە.

**بەلجیكا**

بەلجیكا پارێزگای باشووری نێدرلەندا بوو ناوە لاتینییەكەی لە ناوی كۆنترین عەشیرەتی بەلجیكا وەرگیراوە. تا سەدەی ١٨ بەلجیكا لە ژێر دەسەڵاتی ئیسپانیا دابوو و پاشان كەوتە ژێر دەستی نەمسا. لە ساڵی ١٧٩٣ لە لایەن فەرەنسییەكانەوە داگیركرا و تا لە ناوچوونی ناپلیۆن ئەو وڵاتە بە بەشێك لە فەرەنسا دەژمێردرا. ساڵی ١٨١٥ بەپێی بڕیاری كۆنگریسی ڤێن بەلجیكا بوو بەبەشێك لە دیناستی

هۆڵەنداو لە ئونی یەکگرتووی پاشایەتی نیدرلەندا دا یەکیانگرتەوە.

لە رووی زمانەوە بەلجیکا بۆ دوو ناوچە دابەشدەکرا. گەورەترین ژمارە فەلاماندەکان بوون، زمانەکەیان بە یەکێ لە زاراوەکانی هۆلەندا دەژمێردرێ، کەمایەتییەکەش ڤالونەکانن کە بە زاراوەیەکی فەرەنسی دەژمێردرێ، گروپێکی تر کە ژمارەیان کەمەو دەکەونە سەر سنوورەکانی ئەلمان و بەزمانی ئەلمانی دەدوێن. لە ناوەراستی سەدەی ١٩ هەمدا ژمارەی فلاماندو ڤالۆنەکان بە ٥٧٪ بە ٤٣٪ بووە، ئێستا ژمارەی دانیشتوان بەپێی ٥٥٪ بە٤٥٪ ە.

سەرەتای سەدەکانی ناوەراست زمانی فەرەنسی لە بەلجیکا بە زمانی ئەریستۆکراتەکان و زمانی فلاماندی بە زمانی خەڵکانی سادە دادەنرا. لە کاتی بالادەستی ئیسپانی و نەمساوییەکان دادگا و فەرمانگە و قوتابخانەکان جگە لەسەرەتایی بە زمانی فەرەنسی بوون، لەسەردەمی دەسەلاتی فەرەنسییەکان زمانی فلاماندی خرایە ژێر گوشارو قەدەغەکرا، لە هەندێك حاڵەتدا خەڵك لەسەر ئەو زمانە زیندانیش دەکرا. لە ساڵی ١٨١٢ ناپلیۆن رێگای دا زمانی فلاماندی لە دادگاکان بەکاربهێندرێت، لەو بارو دۆخەدا هەست کردن بە چەوساندنەوە کەم بۆوە. پێویستە بلێین لەو سەردەمەدا زمانی فەرەنسی وەك زمانی ئینگلیزی ئەمرۆ زمانی جیهانی و زمانی کولتووری بوو. ئەوسا زمانی فلاماندی لە رووی فەرهەنگەوە پێش نەکەوتبوو و تەنیا بۆ ئاخاوتن کەڵکی لێ وەردەگیرا. خەڵکانێکی وەك(فیرلۆی) بڕوای وابوو بەلجیکاییەکان بە زمانی فلاماندی نادوێن و یان باش نایزانن، ئەمەش پاڵپشتێك بوو بۆ بە پەرەسەندنی زمانی فەرەنسی. پادشا ڤیلهێلم ئورانسکی هەوڵی دا لەپاڵ زمانی فەرەنسی زمانی هۆلەندیش بکاتە زمانی رەسمی وحکومی ئەمەش بوو بەهۆی نارەزایەتی و بورژوا فەلاماندەکانیش دژی ئەو بریارە وەستان و ئامستردام ناچاربوو ئەو بریارە هەڵبوەشێنێتەوە. بە گشتی پەیوەندی نێوان بەلجیکا و هۆلەندا هەر لە سەرەتاوە نارێك بوو، دیار بوو جیاوازی کولتووری، ئایینی لە سەرووی زمانەوە بوو. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژدا هۆلەندییەکان خاوەن حکوومەتێکی سەربەخۆبوون و بەچاوێکی سووك سەیری کاتۆلیکەکانی بەلجیکییان دەکرد، هەتا رۆژنامەکانی هۆلەندی نووسیویانە کە بەلجیکییەکان کۆلۆنی هەموو ولاتانن. لە ساڵی ١٨١٥ یاسای بنەرەتی دانی نا بەیەکسانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەلجیکا و هۆلەندا. بۆ بەرێوەبردنی کارەکان شورای سەرەکی ویلایەتەکان نیوەی هەڵدەبژێردرا، بە نۆرە جارێك لە هۆلەندا و جارێك لە بەلجیکا کۆدەبوونەوە. ئەگەر لە هەموو بوارەکان بنەمایەکانی دیموکراتی پەیرەو کرابا ئەوا ئەو یەکێتیەی نێوان بەلجیکا و هۆلەندا تا ئێستاش بەردەوامی دەبوو. بەپێی دەستوور دەسەلاتێکی یەکجار زۆر درابوو بە پاشا، پاشاش هۆلەندی بوو، کەواتە ئاسایی بوو لە هەموو پۆستە حەساسەکان هۆلەندی دابنێ و بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئامستردام بجولێتەوە. بۆیە بۆ یەکەم کابینەی وەزارەت تەنیا وەزیرێکی بەلجیکی دەستنیشان کرا. لە ساڵی ١٨٣٠ دا سەرەرای ئەوەی بەلجیکییەکان لە هۆلەندییەکان پتر بوون لە کۆی ٧

وەزیر تەنیا ١ وەزیر و لە ١٠٢ بەڕێوەبەری وەزارەتی سوپا ٣ بەڕێوەبەرو و لە ١١٧ کارمەندی وەزارەتی دەرەوە ١١ و لە ١٥٧٣ ئەفسەری سوپای پیادە ٢٧٤یان بەلجیکی بوون.

شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٨٣٠ دا راستەوخۆ کاریکردە سەر بارو دۆخی بەلجیکا. لە ٢٥ ئابدا ئۆپێرایەك لەمەڕ ڕاپەڕینی ساڵی١٦٧٤ ی ئیتالییەکان دژی دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا نیشاندرا، و لەگەڵ تەواو بوونی ئەو ئۆپرایە خەڵکی ناڕازی بەلجیکی چوونە سەر بارەگای ڕۆژنامەکانی حکومەت و ئاگریان تێبەرداو بڕیاریاندا کە سەنگەر دروست بکەن، هەموو شارەکانی تری بەلجیکا پشتگیری ئەو ڕابوونەیان کرد، وەلێ جگە لە هەندێ ڕووداوی چەکدارانە نەبێت ئاشتیانە کۆتایی پێهات. لەبەر ئەوەی ئینگلستان و فەرەنسا پشتگیری ئەو ڕابوونەیان دەکرد هۆلەندییەکان نەیانوێرا شەڕێکی خوێناوی لە ناوەندی ئەوروپا بەرپا بکەن. لە ٤ ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٨٣١ دا یاسای بنەڕەتی پەسەند کرا، ئێستاش بڕگەی ئەوتۆی هەیە پەیڕەو دەکرێت.

ئەو دەستوورەی راگەیاندرا نیوە پادشایەتییەك بوو، مافی ئۆتۆنۆمی ناوخۆشی هەبوو. بەلجیکا بەسەر دوو پارێزگادا دابەشکرا. پارێزگارەکان لەلایەن پادشاوە دەستنیشان دەکران، هاوکات لە گشت پارێزگاکانیش شورا هەبوو کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرا. پەلاتی سەروو لە سیناتەکان پێکدەهات و ئەو پێکهاتە سیاسییە کۆمەڵایەتییەش بە دیاردەکانی سەرەتایی فیدراڵیزم لە قەڵەم دەدرێ، بە شێوەیەکی رەمزی زمانی فلاماندی لە وڵات بەکاردەهات، بەڵام زمانی فەرەنسی لە قوتابخانە و سوپاو دادگا و دامەزراوە بەرهەمهێنەکاندا زاڵ بوو. پاش شۆرش پرۆسەی زیندووکردنەوەو پەرەسەندنی زمانی فەلاماندی لەلایەن رۆشەنبیرانەوە دەستی پێکرد. هەنگاوی هەرە گرنگ لە ساڵی ١٨٥٤ نرا ئەویش بەدامەزراندنی زانکۆی ((گێنتە)) کە بە زمانی فەلاماندی دەرسی دەگووتەوە. بەرەبەرە زمانی فلاماندی برەوی پەیدا کرد. لە ساڵی ١٨٧٣ بەپێی یاسایەك زمانی فلاماندی لە دادگاکانی پارێزگا فلاماندییەکان بوو بە رەسمی و دواتر لە ساڵی ١٨٧٦ بوو بە زمانی رەسمی فەرمانگەو دامەزراوەکانی دەوڵەت. لە ساڵی ١٨٨٣ دا ڕێگە درا لە پۆلەکانی سەرەتایی بخوێندرێت، لە کۆتایدا لە ساڵی ١٨٩٨ دا یاسایەك پەسەندکرا دانی نا بە یەکسانی زمانی فلاماندی و فەرەنسی لە هەموو دەڤەری بەلجیکا. بەم پێیە لەسەر دراوو پول بە دوو زمان دەنوسرا و لە ساڵی ١٩١٣ دا بڕیار درا دەبێ هەموو ئەفسەرەکانی سوپا بتوانن بە هەردوو زمان بدوێن.

لە ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٨ کە ئەڵمانەکان بەلجیکایان داگیر کرد هەوڵیاندا وا نیشان بدەن بیری توندڕەوی فلاماندی باڵادەستە، بەڵام ئەو بۆچوونە هیچ بنەمایەکی نەبوو. پاش ئازادکردنی بەلجیکا لە ساڵی ١٩٢١ یاسایەك پەسەندکرا کە بەلجیکای بەسەر دوو ناوچەی فلاماندی و ڤالون دابەشدەکرد، لە هەر ناوچەیەك زمانی ئەو ناوچەیە باڵادەست بوو، زمانی تریش دەکرا بەپێی پێویست بەکاربێت. هەر کۆمۆنێك لە ناوچەکان مافی ئەوەی هەبوو زمانی

ڕەسمی خۆی هەبێت. لە ناوچەی برۆکسل هەردوو زمان بە یەکسانی ڕەسمی بوون و هەموو نووسینەکانی ڕەسمی و حکومەتی دەبوو بە هەردوو زمان بنووسرێن. پرۆسەی زاڵبوونی فلاماندەکان بووە مایەی نیگەرانی ڤالونەکان. لە ساڵی ١٩٤٨ دا حکوومەت، ناوەندی توێژینەوەی زانستی لە مەر چارەسەرکردنی کێشەکانی بیرو بۆچوونی سیاسی و حکومی دامەزراند.

بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو ناوەندە چەندین جار یاسای بنەڕەتی لە ساڵانی ١٩٧٠و١٩٨٠ و ١٩٨٨ و ١٩٩٣ چاکسازی کرا، لەئاکامدا لە ١٩٨٩/١/١ دا بەلجیکا بوو بە ولاتێکی فیدراڵی.

لەبڕگەی یەکەمی دەستووری بەلجیکا هاتووە: بەلجیکا حکوومەتێکی فیدراڵیە، لە سێ کۆمەڵگاو هەرێم پێکهاتووە. لەبڕگەی دووەمدا: بەلجیکا بەسەر سێ کۆمەڵگا ((فەرەنسی و فلاماندی و ئالمانی زمان) وسێ هەرێم (ڤالون و فلاماند و برۆکسل) دابەشکراوە و ٤ زمان ((زمانی فەرەنسی، زمانی نیدێرلەندی و دوو زمانی لە ناوچەی برۆکسل کە پایتەختە، ئەڵمانی لە هەرێمی زمانی ئالمانی) بەکاردێت. بۆ هەر کۆمەڵگەیەك شورایەك و لەسەر بنچینەی شورای کۆمەڵگاکان، حکوومەت پێکدێت، ئەو حکوومەتەش کاروباری کولتووری و خوێندن بەپێی ئەو زمانەی برەوی هەیە بەڕێوە دەبات، و دەشتوانن بڕیار دەربکەن و بڕیارەکەش هێزی یاسایی هەیە. دەتوانن پەیمانی نێونەتەوەیی ببەستن، شوراو حکوومەتی هەرێمەکان دەتوانن ئۆتۆنۆمی جوگرافی و ئابوورییان هەبێ و لەگەڵ شوراو حکومەتەکانی کۆمەڵگا یەکبگرنەوە (فلاماندەکان کەڵکیان لەو یاسایە وەرگرتووەو لەگەڵ شورایەکی فلاماندی یەکیانگرتەوە).

### فیدراڵیزم لە ئەڵمانیا

دوو ولاتی ئەوروپی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا تا ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم نەیانتوانی خۆیان لە پاشماوەکانی فیودالیزم ڕزگار بکەن، تا ئیتالیا بوو بەخاوەنی ولاتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، ئەڵمان هەر شێوە کۆنفیدراڵی بوو.

تا ساڵی ١٨٠٦ ئەو یەکگرتنە ناوی (ئیمپریالی موقەدەسی ڕۆمی نەتەوەی ئەڵمانی) بوو، وەلێ بەپێی وتەکانی (مولێر) ئەو یەکگرتنە لەمێژینەیە نە موقەدەس و نە ئیمپریالی و نە ڕۆمی بوو، ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٩٦٢ کە پاشای ئەڵمان (ئوتون) ڕۆمی داگیرکرد و بەهیوا بوو پاپای ڕۆم تاجی ئیمپراتۆری ڕۆمی لە سەری دابنێت و بەو شێوەیە داب و نەریتی دەسەلاتی جیهانی ئیمپراتۆری ڕۆم بنیاد بنێتەوە. ئیمپراتۆریەکانی ئەوروپا وەك ولاتەکانی فیودالی ئەو سەردەمە لە کۆمەڵێك ئیمارات و ویلایەت و کۆمارەشار و پاشایەتی سەربەخۆ پێکدەهاتن کە ژمارەیان پتر لە ٣٦٠ واتە بەقەدەر ژمارەی ڕۆژانی ساڵ بوو. نوێنەری ئەو ئیمراتۆریە کۆنگرەی ئیمپراتۆری بوو بە ناوی ((ڕێخستاگ)) کە لە ساڵی ١٤٨٩ بەردەوام کاری کردووە بەبێ ئەوەی کارەکانی سنوورێکی یاساییان هەبێ. ئەو کۆنگرەیە بریتی بوو لە ٧ ئەشرافی فیۆدالی هەڵبژێردراو و ئەشرافەکانی تری ئمپراتۆری کە لە فیۆدالەکانی ئایینی و مەدەنی و

ئیمپراتۆرەکانی شارەوانی وەکو هامبۆرگ و بریمن و هتر پێکدەهاتن. ڕێکخستاگ کۆبوونەوەی لەسەر بابەتە یاساییەکان دەکرد، وەلی هێنانەدی ئەو یاسایانە، پەسەندکردنی هەموو لایەنەکان و خودی ئیمپراتۆری گەرەك بوو، ئیمپراتۆر لە لایەن ٧ کەسی ئەشراف هەڵدەبژێردرا، بەڵام لە سەدەی پانزەهەم ئیمپراتۆر لە لایەن دیناستی هابسبورگ دەستنیشان کرا. دەسەڵاتی ئیمپراتۆر زۆرکەم بوو، هەموو هەوڵەکانی ئیمپراتۆر بۆ کۆکردنەوەی دەسەڵاتێکی سەرتاسەری و دامەزراندنی دادگا و کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ بوو، کەچی هەوڵەکانی بێ ئاکام مانەوە. دووبەرەکی تەواو کەوتە ناو ئەلمانیا، لە باکوور پرۆتستانتەکان و لە باشووریش کاتۆلیکەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست. لە باشوورەوە هاسبۆرگیەکان هەوڵیان دەدا کە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەموو ئەڵماندا بسەپێنێت و شەڕی بەناوبانگی ١٣ ساڵەی (١٦١٨ــ ١٦٤٨) بۆ ئەو مەبەستە بوو. بەرهەمی ئەو شەڕە ڕێککەوتنی ئاشتی ڤێستڤال بوو کە دەستتێوەردانی ئیمپراتۆری قەدەغە کرد. ڕووداوەکانی ١٦٤٨ بە سەرەتای گۆڕانکاری لە پێناو هێنانەدی نەزمێکی نوێی نێونەتەوەیی دەژمێردرێت. ئەو ڕێککەوتنە کۆتایی بە دەسەڵاتی سەدەی ناوەندی ئیمپراتۆری تکنۆکرات هێنا و بۆ یەکەمجار سویسرا و هۆلەندا وەك وڵاتانی سەربەخۆی نێونەتەوەیی ناسران.

لە ساڵی ١٨٠٦ دا ئیمپراتۆر (فرانس) لە شەڕێکدا لەگەڵ ناپلیۆندا تێشکاو ناوی ((ئیمپراتۆری ڕۆم)) بوو بە ((ئیمپراتۆری نەمسا)). ناپلیۆن ژمارەی هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانی لە٣٦٠ەوە بۆ ٣٤ هەرێم و چوار شار کەمکردەوە، لەو هەرێمانە یەکێتییەکی کۆنفیدراڵی بە ناوی ((یەکێتیی ڕاین)) لە ژێر ڕابەرایەتی خۆی دامەزراند، ئەمەش وای لە ئەڵمانەکان کرد هەستی نەتەوایەتیان بەتین بێت و داوای وڵاتێکی یەکگرتوو بکەن، ئەو داواکارییە لە بەرژەوەندی پاشایەتی پرووس نەبێ لە بەرژەوەندی بەڕێوەبەرانی ئەڵمان و هەموو دراوسێکانیان بوو. بەپێی بڕیاری کۆنگرەی ڤێنا لە ساڵی ١٨١٥ دا شوارى یەکگرتن بە ناوی (بوندستاگ) لە دیپلۆماتەکان پێکهات و سیاسەتی دەرەوەیان بوو بە هاوبەش. لە شۆڕشی ساڵی ١٨٤٨ دا لیبراڵ و دیموکراتەکان داوایان دەکرد بوندستاگ لە لایەن جەماوەرەوە هەڵبژێردرێ، بەڵام پاش کوژانەوەی شۆڕش بۆندستاگ ئامرازی نەبوو بۆ بەڕێوەبەرایەتی بۆیە وەك یانەیەکی گفتوگۆی لێهات و لە دواییدا بەیەکجاری هەڵوەشایەوە.

پرووسیا لەژێر سەرکردایەتی بیسمارگ بە زەبری ئاسن و خوێن ئەڵمانی بەرەو یەکگرتن برد، نەمسا و حکوومەتەکانی کاتۆلیکی باشوور لێی جیابوونەوە، سەرئەنجام ساڵی١٨٦٧ لە ژێر ڕابەرایەتی پرۆس ئەڵمانێکی فیدراڵی هاتە کایەوە.

پادشای پرۆس بوو بە پرزیدێنت (سەرۆك کۆمار)ی ئەو یەکێتییە و بواری سیاس، بازرگانی، بەشەکانی سوپا، گومرگ، مالیاتی ڕاستەوخۆ، هێڵی ئاسن، پۆست و تەلەگراف، تەندروستی و یاساکانی تاوانی خستە ژێردەسەلاتی خۆی. سەرچاوەی بودجەی ئەو فیدراڵیە یەکگرتووە گومرگ و مالیاتی ڕاستەوخۆ و

دەرامەتی پۆست بوو. دەسەلاتی یاسایی لەدەست ڕێخستاگ دابوو واتە شورای یەکگرتووی هەڵبژێراو ((بوندسدات)). حکوومەت بێ ڕەئی ڕێخستاگ مافی ئەوەی نەبوو دەرسەدی مالیات زیاد بکات، دەبوایە دوای ڕێخستاگ پریزیدینت پەسەندی بکا. بوندسدات کە لە دیپلوماتەکان پێکدەهات لە ١٧ دەنگ ١٣یان سەر بە پرووس بوون. بوندسدات چەند کۆمیتەی (سوپا، گومرگ، و دەریایی و....) هەبوو. پادشای پرووس کانسلێر بسمارك سەرۆکی حکوومەتی یەکگرتووی دەستنیشان دەکرد. ئەو یەکگرتنە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ یەکگرتنی ئەڵمان، پاش تێشکانی فەرەنسییەکان لە شەڕی ساڵی ١٨٧٠ ئەڵمان بە یەکجاری یەکیگرتەوە. ساڵی ١٨٤١ کە ئەڵمان سەرکەوتنی بە دەستهێنا، حکوومەتەکانی باشووری ئەڵمان ئامادەیی خۆیان بۆ هاتنە ناو ئەو یەکیەتییە ڕاگەیاند، نوێنەرانی هەموو حکوومەتەکانی ئەڵمان لە کاخی ڤێرساڵ لە (کسالۆنی زێرکال)ی نزیك پاریس کۆبوونەوە و ڕایانگەیاند پادشای پرووس ویلهلم ببێتە یەکەم ئیمپراتۆر. بەڵام پاش تێپەڕینی ٤٨ ساڵ هەر لەو ساڵۆنەدا ئەڵمان ناچار بوو ڕێککەوتنی ئاشتیخوازانە لەگەڵ وڵاتانی ((ئانتانت)) مۆر بکات ولە چوار چێوەی دەسەلاتی نوێی ئیمپراتۆری دا پادشاکان بتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، بەگشتی دەسەلاتی ئیمپراتۆری بەدرێژبوونەوەی دەسەلاتی یەکگرتووی باکوور لە قەڵەم دەدرا.

دسەلاتی ئیمپراتۆری و پادشا جۆراوجۆرەکان لە ئاکامی شۆرشی ساڵی ١٩١٨دا هەڵوەشا. یاسای بنەڕەتی ((ڤەیمار)) ی ساڵی ١٩١٩ مافی ئۆتۆنۆمی بە دەڤەرەکانی ئەڵمان بەخشی، وەلێ لەسەردەمی هیتلەر ئەو ئۆتۆنۆمیانە و شوراکانی یاسای بە ناوی ((لاندتاگ)) هەڵوەشاندەوە.

وەك ئاشکرایە دوای جەنگی جیهانی دووەم، دوو وڵاتی ئەڵمانی بە ناوی ئەڵمانی فیدراڵی و کۆماری ئەڵمانی دیموکراتی دروست بوون. ئێستا ئەڵمان و وڵاتێکی فیدراڵیە و لە ١٦ دەڤەر پێکدێت کە شارە گەورەکانی هامبۆرگ و برێمێن و بەرلین وەخۆیەوە دەگرێت. ئەو دەڤەرانە حوکومەتی تایبەتین، بەڵام مافی سەربەخۆییان لە ڕووی سیاسەتی دەرەوەو بەرگری و دراوی... دا نییە. پارلمانی ئەڵمان لە دوو پەلات بە ناوی بۆندێستاگ و بوندێسترات پێکهاتووە دووەمیان لە نوێنەرانی لاندتاگەکان واتە (پارلمانی دەڤەرەکان) پێکدێ.

بەڕێوەبەرانی ناوەندی فیدراڵی تەنیا ئەو کاروبارە بەڕێوە دەبەن کە یاسا دیاریکردووە، کێشەکانی تر داموودەزگای دەڤەرەکان بەڕێوەی دەبا. ئەو دەڤەرانە بەڕێکەوتن لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دەتوانن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە پەیمان ببەستن.

### نەمسا نموونەی فیدراڵی ناوەندێتی

بەبەراورد لەگەڵ ئالمانیا، دەستووری نەمسا جیاوازی زۆرە، جگە لەوەی نەمسا خاوەنی تاك نەتەوەو ڕوبەرێکی کەمی خاکە، ٨ حکوومەتی فیدراڵی خاوەن دەستووری تێدایە شاری (ڤێەننا)ش لەو مافانەی ئەوان بەرخوردارە. ئەو سیستەمەی دەسەلات کە ناوەند تیایدا باڵادەستە لە ساڵی ١٩٢١ هاتۆتە ئاراوە. حکومەتی دەڤەرەکان دادگاو کاناڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆیان نییە، تەنیا

خۆبەرێوەبەری ئابووری و خوێندنی کلتووری هەرێمین. رۆڵی شوراکانی یاسادانانی هەرێمی پێداچوونەوەی ئەو یاسایانەی فیدراڵییە کە لە سەرەوەپەسەند کراون. ساڵی ١٩٨٤ شورای فیدراڵی مافی ڤیتۆکردنی بڕیاری شورای دەڤەرەکانی وەرگرت.

### کەنەداو فیدراڵی دوو نەتەوەیی

کۆلۆنی کردنی کەنەدا لەلایەن فەرەنسەکانەوە لە ساڵی ١٦٠٨دا لە ((کویبێك))وە دەستیپێکرد. پاشان لە باکووری ئەو کۆلۆنییە کۆمپانیای ئینگلیزی ((گودرونوڤا)) خەریکی بازرگانی بوو لەگەڵ هندییەکان. ساڵی ١٧٥٩ ئینگلیزەکان ((فەرەنسای نوێیان)) داگیرکرد، بەو شێوەیە کەنەدا کەوتە ژێردەستیان. ساڵی ١٧٦٣ پادشا گیورگی سێیەم لە بڵاوکراوەیەکدا کۆتایی بە بەرێوەبەرێتی و یاساکانی فەرەنسا لە کەنەدا هێناو مەرامی دژی کاتۆلیکیان بڵاوکردەوە، شۆرشەکانی دژ بە ئینگلیز ئینگلستانیان هەڵپێچا بە دوای هاوپەیماندا بگەرێ. بەپێی رێککەوتنامەی کویبێك لە ساڵی ١٧٧٤ ئینگلیزەکان گەرانتییاندا دەست لە کاروباری کویبێك وەرنەدەن. (kHHabeas corpus act، دووبارە مەزهەبی کاتۆلیکی بوو بە رەسمی. هاوکات لەگەڵ پارێزگاری کەنەدا شورای یاسایش کە ٢٣ کەس بوون لەلایەن پادشاوە دەستنیشان کرا. ئەو هەلومەرجە هەڵکەوتەیە بۆ خەڵکانی فەرەنسی – کەنەدی لەباربوو، وەفاداریش بۆ ئینگلیزەکان دەستەبەر کرابوو، لەلایەکی دیکەوە ئەمریکییەکان زۆر هەوڵیان دەدا پشتیوانی کەنەدییەکان بەدەست بێنن.

ئینگلیزەکان بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان هێزێکی ٥٠ هەزار کەسیان بەناوی وەفادارانی ئینگلیز لە کەنەدا بڵاو کردبۆوە. بابزانین بۆچی فەرەنسییەکانی کەنەدا کەڵکیان لەو هەڵەیە وەرنەگرت و وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژی ئینگلیزەکان راپەرین ؟ ئەو کاتە کۆمەڵگای فرەنسییەکانی کەنەدا کۆمەڵگایەکی موحافەزەکارو کشتوکاڵی لەسەر بنەماکانی ئائوتاریتسیمی و لە ژێر کاریگەری کەنیسە و پاشماوەی پەیوەندییە فیۆدالییەکاندا بوون. شایانی باسە فەرەنساش لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم توانی لە پەیوەندییە فیۆدالییەکان رزگاربێت، بۆیە فرەنسییە ـ کەنەدییەکان پێیان خۆش بوو دەست لە بارودۆخیان نەدرێت و لەجیاتی شێوەی نوێی دیموکراتی هەروەك خۆیان بەبێ گۆرانکاری بمێننەوە.

بەپێی رێککەوتننامەی دەستوری ساڵی ١٧٩١، کەنەدا بریتی بوو لە دوو پارێزگای خۆبەرێوەبەر: باشووری کەنەدا (کیوبیك) و باکووری کەنەدا کە زۆربەیان بە زمانی ئینگلیزی دەدوان. دەسەڵاتی یاسادانان دەدرا بە شورایەك کە پاشا دەستنیشانی دەکرد و لەلایەن پارلمانی هەڵبژێراوی خەڵك دیاردەکران و دەسەڵاتی بەرێوەبەریش لە دەستی پارێزگاکاندا بوو. ساڵی ١٨٣٧ پەیوەندی نێوان ئینگلیزە کەنەدی و فەرەنسییە کەنەدییەکان رووی لەگرژی کرد، پارێزگاکان پارلمانیان هەڵوەشاندەوە، ئەوەش بووە هۆی لێکدانی چەکداری و لە ئاکامدا لە ساڵی ١٨٤٠ ئینگلستان هەر دوو پارێزگاکەی داگیر کردو لە پارلمان زمانی فەرەنسی قەدەغە کرا، وەلێ ئەو قەدەغەکردنە ساڵی ١٨٤٩ هەڵگیرا. لەبەر خەرجی زۆری راگرتنی سوپا لە کۆلۆنییەکان، لە ساڵانی ٧٠ ی سەدەی

نۆزدەهەم ئینگلستان یەکسەر داخوازی کەنەداییەکانی لەسەر بنچینەی پێکهێنانی سیستەمێکی فیدراڵی پەسەند کرد، ئینجا کەنەدا دەبوو بۆ خۆی خەرجی سوپای خۆی وەئەستۆ بگرێت.

بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی سیستەمی فیدراڵی لە ساڵی ١٨٤٧ بەخەستی گفتوگۆ کرا. لە ساڵی ١٨٥٨ کەنەدا پرۆژەیەکی پێشکەش بە لەندەن کردو پەسەند کرا، کەچی ئینگلیزی زمانەکان ڕەتیانکردەوە. پرۆژەی پێشنیارکراو لەلایەن ((سکۆتلەندی نوێ)) و ((نیوبراونسڤیك)) و کەنەداوە پەسەند نەکرا. لە ساڵی ١٨٦٤ لەسەر داوای پارێزگاری کەنەدا کۆنفراسێك لەلایەن کۆلۆنییەکانەوە لە (شارلوتاون و پاشان لە کیوبێك) بەستراو پرۆژەیەکی نوێ یەکگرتنی فیدراڵی دارێژرا، لەو کۆنفرانسەدا نوێنەرانی کەنەدا و سکۆتلەندی نوێ و نیوبراونسڤیك و دورگەی پرنیس ئدوارد بەشداریان تێداکرد، جگە لە کەنەدا دوو دەنگی ئینگلیزو فەرەنسی زمانەکان هەبوو هەر کۆلۆنییەك یەك دەنگ بوو. فەرەنسییەکان بە کۆی دەنگ لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا بوون، بەڵام بەو مەرجەی سەرلەنوێ کەنەدا دووبەش بێ واتە باکوور کە ئینگلیزی زمانن بە ناوی ((ئۆنتاریۆ)) و باشووریش کە فەرەنسە زمانن بە ناوی کویبێك. هەر لەو کاتەوە ناوی کەنەدا بۆ هەموو پارێزگاکان هەڵبژێردرا. دووبارە پرۆژەی دەستوور لە کیوبێك نووسرا، لە ساڵی ١٨٦٦ دا نوێنەرانی کۆلۆنییەکان لە لەندەن کۆبوونەوە و لەگەڵ وەزارەتی ئینگلستان وتووێژیان لەسەر کرد. ئەو پرۆژەیە بە ناوی ڕێککەوتنی فیدراڵی ساڵی ١٨٦٧ لەلایەن پارلمانی ئینگلستانەوە پەسەندکرا. ئەو وڵاتە لە پارێزگای کیوبێك، ئۆنتاریۆ، سکۆتلەندی نوێ، نیوبراونسڤیك بە سەرۆکایەتی پادشای ئینگلستان بە ناوی (Dominion of Canada)دامەزرا. هەر لەو کاتەوە وشەی دومینیون بەکارهێنرا کە وشەیەکی لاتینییە بەمانای ((بەرفرەی دەسەڵات)). هەر لەهەمانکاتدا گواستنەوەی دەسەڵات و سەروەری لە کۆلۆنییەکانەوە بۆ ئەو وڵاتانە دەستی پێکرد. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە کەنەدا وڵاتێکی فیدراڵی دەستوورییە کە پاشای بەریتانیایسەرپەرشتیەتی و لە کاتی لەئارا نەبوونی دا دەسەڵات بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەدرێتە دەست پارێزگاری سەرەکی کە پۆستی سەرۆك وەزیرانی بەدەستەوەیە. جاری یەکەم لەلایەن ئەریستۆکراتەکانی ئینگلیز دیاریدەکرا، بەڵام ئێستا سەرۆك وەزیران جارێك لە ئینگلیزی زمان و پاشان لە فرەنسی زمانەکان هەڵدەبژێرن. سەرۆك وەزیران مافی ئەوەی هەیە بڕیارەکانی پارلمانی فیدراڵی ڤیتۆ بکاو حکوومەتیش هەڵوەشێنێتەوە، وەلێ لە مێژووی کەنەدا هێشتا شتی وا ڕووی نەداوە. هەروەها دەتوانێ بڕیاری پارێزگاکان و پارلمانەکانیان بگۆڕێ، ئەو مافەش پێی دەگوترێ ئینترڤێنسیا. دواین جار لە ساڵی ١٩٤٢مافی ئینترڤێنسیا کەڵکی لێ وەرگیرا. ئێستا ژمارەی حکومەتە فیدراڵییەکان ١٠ پارێزگاو و دوو ناوچەی باکووری ڕۆژئاوایە بە ناوی ((نانەڤوت)) کە زۆربەی دانیشتوانی ئیسکیمۆن و ژمارەیان زیاتر لە ٨٠٪ی دانیشتوانە، بەرەسەن کۆنترین ڕەگەزو ناوچەکەیان پێنج یەکی پانتایی کەنەدایە.

یەکی نیسانی ساڵی ١٩٩٩ ڕۆژێکی مەزن بوو لە مێژووی ئیسکیمۆکان، گۆڕان بەسەر نەخشەی

کەنەدا هات، ئەو ناوچەیە (نانەڤوت) نوێترین ئەندامی فیدراڵی کەنەدایە، زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و دەتوانن بە فرەنسی و ئینگلیزیش بدوێن. دانیشتوانی ئەو ناوچەیە توانیویانە لە سەختترین ئاووهەوادا خۆیان رابهێنن و بەپێی وتەی پارێزگاری نانەڤوت ئێستا ئەرکێکی گەورەیان لە پێشەو ئەویش خۆگونجاندنە لەگەڵ تکنۆلۆژیای ئەم سەردەمە. چەندین کێشەی تریشیان هەیە لەوانە ٥٦٪ ی دانیشتوان تەمەنیان لە ژێر٢٥ ساڵە و پێویستە ئاستی ژیان بەرز بکرێت و کار بۆ بێکاران بدۆزرێتەوە.

بەپێی رێککەوتننامەی ١٨٦٧ پارێزگاکان دەتوانن وەرگرتنی مالیاتی راستەوخۆ، شارەوانی، بازرگانی، مەشروباتی ئەلکولی، کاروباری ناوخۆ، هاتوچۆ، خوێندن و بەرێوەبردنی زیندانەکان وەئەستۆ بگرن. کاروباری بازرگانی، گومرگ، ماسیگرتن، پۆست، رێگاوبان، سوپای پیادەو دەریایی، کاروباری هندییەکان، چاپکردنی دراو و بانك..... لەدەسەلاتی ناوەندی فیدراڵ دایە. بەبەراورد لەگەڵ فیدرالیزمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینین دەستووری ئەمریکا ئەرکەکانی دەسەلاتی فیدراڵی ناوەندی خاڵ بە خاڵ دەستنیشان نەکردووە و زۆر شت بێدەنگیان لێکراوە. وەك دیارە کەنەدییەکان بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی باو باپیرانیان بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوونەدات، ئەرکەکانیان لەیاسادا بە ڕوونی دیارکردووە، وەلێ ئەگەر لەکەنەدا کێشەیەکی یاسایی هاتبێتە پێش بەپێچەوانەی ئەمەریکا مافی پێشەنگی دراوە بە پارێزگاکان نەك بە دەسەلاتی فیدراڵی.

بەرزترین دەسەلاتی فیدراڵی، پارلمانی کەنەدایە کە لە پادشا، سینات و پەلاتی کۆمەڵگەکان پێکهاتووە، نوێنەرانی پەلات بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن، پەلاتی سەرەوە واتە سیناتەکان هەروەك لۆردەکانی ئینگلستان و بەپێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٨٦٧ سیناتەکان لەلایەن پاشاوە ((واتە لەلایەن نوێنەری پاشاو پارێزگاری سەرەکی)) بۆ هەمیشە بۆ ناوچەکان دەستنیشان دەکرێن، بەو پێیە وڵات کراوە بە چوار ناوچە:

١- ئۆنتاریۆ ٢- کیوبێك ٣- رۆژئاوا پارێزگای (ئەلبێرتا، کۆلۆمبیای بەریتانیا، مانیتوب و سەسکێچیڤان ٤- پارێزگاکانی ئەتلەنتی (سکۆتلەندی نوێ و نیوبراونسڤیك و دوورگەی پرنیس ئێدوارد) و نیوفاوندلەند و هەر ناوچەیەکیش سەناتۆریکی هەیە. ئێستا ئەنجومەنی سینات ١٠٤ ئەندامە، بەپێی یاسای ١٩٦٥ هەر سیناتێك تەمەنی گەیشتە ٧٥ ساڵ خانەنشین دەکرێ. بۆ دەستنیشانکردنی سیناتەکان پارێزگاری سەرەکی چەند کاندیدێك دیاری دەکات و ئینجا سەرۆك وەزیران ((موحافیزی سەرەکی)) لە ناو ئەوانە کامەیانن پتر لە خۆی و پارتەکەی نزیك بێت ئەو هەڵدەبژێرێت. چۆنیەتی هەڵبژاردنی سیناتەکان لە گۆڕان دایە زۆر جار ڕیفۆرم دەکرێ، هەندێ جار شێوەی سیستەمی ویلاتە یەکگرتووەکان یان ئەلمان وەخۆ دەگرێ. بەپێی بنەمایەکان ئەگەر بۆ هەموو پارێزگاکان یەکسان بێت دەبێ هەرێمی کیوبیك ١٠\١ سناتی لەجیاتی ٤\١ سناتی ئێستا هەبێ، کیوبێك بە ١٠\١ رازی نییەو پارێزگاکانی ئینگلیزی زمانیش بە ٤\١ رازی نین.

جگە لە کاروباری بودجەو چاکسازی یاسا بنەڕەتییەکان کە لە مافی پەلاتی خواروو دایە، هەر دوو پەڵات مافی هاوسانیان هەیە. لە پێکهێنانی کابینەی حکوومەتدا هەوڵ دەدرێت تایبەتمەندی ئایینی، نەتەوەیی و کەمە نەتەوەییەکان لەبەر چاو بگیرێت، بۆیە وزارەتەکان بەو شێوەیە دابەشکراون: زۆربەی پۆستی وەزیرانی کاروباری ئابوری دراوە بە ((ئونتاریۆ))، کیوبێك وەزیری دادوەری، سکۆتلەندی نوێ وەزارەتی دادوەری، دورگەی پرینس ئێدوارد وەزیری دەرەوە، پارێزگاکانی ئەتلەنت وەزارەتی ئابوری ماسی، سەسکێچڤان وەزارەتی بەرگری. پەیوەندی نێوان دەسەلاتی فیدرالیی پارێزگاکان کاریگەرو دوو لایەنەیە، کۆبوونەوەو کۆنفرانسی هاوبەش لە ئاستی جۆراوجۆری وەزارەتەکان و جێگری وەزیران و نێوان دیپارتامێنتەکان و پارێزگارەکان بەردەوامە، هەردوو پارێزگاری کیوبێك و ئۆنتاریۆ وەزارەتی کاروباری پارێزگاکانیان لەدەست دایەو دەسەلاتی فیدراڵیان هەیە.

دیاردەی ناسەروەری دەسەلاتی کەنەدا ئەوەیە: ئەو ولاتە خاوەنی دەسەلاتی بەرزی دادگای خۆی نەبووەو بە سەرپەرشتی بەریتانیا بە نهێنی کۆمیتەیەك بەو ئەرکە هەستاوە. لە ساڵی ١٩٤٩ دا ئەو کۆمیتەیە ئەرکی دادگای بالای بە کەنەدا بەخشی، ئینجا ئەو ولاتە سەربەخۆیی تەواوی خۆی وەرگرت. دادگای بالا ((دادگای تەمیز))ی کەنەدا لە ٩ حاکم پێك دێت سەرۆکی دادگا لەلایەن حکوومەتەوە دەستنیشان دەکرێت. ئەو دادگایە نوێنەرایەتی ئینگلیزو فەرەنسی زمانەکان دەکات.

گیروگرفتی هەرە سەرەکی لە سیستەمی فیدراڵی کەنەدا کێشەی کیوبێکە. فەرەنسی زمانەکانی کەنەدا ١/٤ی (٧ ملیۆن لە نێوان ٢٩ملیۆن) دانیشتوانی کەنەدا پێکدێنن، لەوانە ٦ ملیۆن کەس لە کیوبێك دەژین و ٨٠٪ دانیشتوانی ئەو پارێزگایەن، بەپێی دوایین سەرژمێری ٥٨٪ ی دانیشتوانی کیوبێك زمانی ئینگلیزی نازانن یان بە خراپی دەزانن یان نایانەوێ فێر بن. لەو ساڵانەی دوایدا ژمارەیەکی زۆری فەرەنسی زمان خۆیان بە کیوبێکی (quebeqois) دەزانی کە جاران خۆیان بە فەرەنسییەکانی کەنەدا دادەنا. کیوبێکەکان فەرەنسی زمانن هەم خووڕەوشتیان هەم ئەو فەرەنسیەی پێی دەدوێن تا ئەندازەیەك لە زمانی ئێستای فەرەنسا جیایە پتر لە دیالەکتی کۆنی فەرەنسا نزیکە. شۆرشی گەورەی فەرەنسا بووە هۆی پێکهێنانی نەتەوەی فەرەنسی، بەلام فەرەنسییەکانی کەنەدا سوودیان لە گۆڕانکارییەکانی ئاکامی شۆرش وەرنەگرت و هەر لەسەر بنەمای کۆنی پەیوەندی فیودالی ژیانیان بردە سەر، وەلێ لە بەربەرەکانێی گوشاری ئینگلیزەکان خۆڕاگربوون، نووسەر ((د. سمایل)) (D. Smiley) بە ((فەرەنسی کۆنترکولتوورە)) ناویان دەبا کە ئەوانە سیستەمێکی تایبەتی ئابووری، سیاسی و ئایینی خۆیان لە بەرانبەر ئایینی پرۆتستانی و سیستەمی مادی و بازرگانی و پیشەسازیدا هەبوو. تا ساڵەکانی١٩٦٠یش کیوبێك ناوچەیەکی کشتوکاڵی و بەستراو بەداب ونەریتی کۆن و ئاین بوو، ئابورییەکەشی لە ژێر دەسەلاتی چەند کەسێکی دیاریکراودا بوو، بەلام لە ئینگلیزەکان

کارامەتر بوون. کیوبێکەکان هەستیان بە جیاوازی رەگەزی دەکرد چونکە زۆربەی سیاسەتمەداران ئینگلیزی زمان بوون. سەرەرای ئەوەی فەرەنسییە کەنەدییەکان لەرووی زمان و خورەوشتدا لە ئینگلیزی زمانەکان جیان، لە ڕووی مافداریش جیاوازن، چونکە ئەوان پەیرەوی داب و نەریتی فەرەنسی رۆمن. لە و دوو سەد ساڵە دا کیوبێکەکان هەوڵیان داوە خۆیان لە کلتووری ئینگلیزی زمانەکان کە زۆر بەربلاوە بپارێزن..

پاش ساڵانی ٦٠ کیوبێکەکان هەنگاویان بەرەو قۆناغێکی نوێی ئابووری، هزری و کولتووری هاوێشت کە بە ((شۆرشی ئارام)) بەناوبانگە. بەیارمەتی دەسەڵاتی ناوەندی و هیمەتی خودی ئەو پارێزگایە توانیان پرۆژەی گرنگ بەئەنجام بگەیەنن و ئاستی ئابووری بگاتە ئاستی گشتی وڵات و وەپێش هەندێ پارێزگاش بکەون. بەو پێوەرە ئینگلیزی زمانەکان ویستیان نارەزایەتی کیوبێکەکان کەمبکەنەوە، بەڵام ئەو پێشکەوتنە برِوای زیاتری بە قەوارەی سەربەخۆی کیوبێك بەخشی و بووە هۆی پەرەسەندنی خۆباوەری و ڕابوونی نەتەوەیی و لە هەندێ حاڵەت توندڕەوی نەتەوایەتیش.

بەپێی ئەو دەستوورەی لە ساڵی ١٩٦٩ دا راگەیاندرا، هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە سەرتاسەری کەنەدا بوون بە زمانی رەسمی، ساڵی ١٩٧٧دا بەپێی رێککەوتنێك کە بوو بەمایەی پرۆتیستۆی ئینگلیزی زمانەکان، زمانی فەرەنسی بوو بە تاکە زمان لە پارێزگای کیوبێك. لێکۆڵەری بەناوبانگی رووسی ((ك. بەرانوڤسکی) سەقامگیرکردنی ئەو سیاسەتە بە زمانەوانی (پروتیکسیۆنیزم) ناودەبا. هەر ئەوەش بوو بە ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستەکانی کیوبێك. لەبەر ئەوەی کیۆبیکەکان ناچار بوون بەئینگلیزی بدوێن ئەو کارە وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ بەرهەڵستی پرۆسەی ئەسمیلاسیونی ئینگلیزی زمانەکان.. ئەو هەنگاوە بە فەرمی لەگەڵ سیاسەتی یەکسانی زمانی کەنەدا نەدەگونجا، بەڵام ئەوە تاکە رێگای خۆپاراستنی ٧ ملیۆن کیوبیك بوو لەناو ٣٠٠ ملیۆنی ئینگلیزی زمانی قارەی ئەمریکا. بارودۆخی کەمە نەتەوایەتییەکان ئاوایە، زۆر جار مافی پێشەنگدان بە کەمە نەتەوایەتییەکان گەرانتییە بۆ پاراستنی مافەکانیان لەناو گەلانی باڵادەست. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش: ئایا کیوبێك وەکو هەر ١٠ پارێزگای یەکگرتوویە و یان حیسابێکی تری بۆ دەکرێت،. ئەوەی ئاشکرایە زۆربەی پارێزگاکانی تری فەرەنسی زمان خۆیان بە پارێزگایەك دادەنێن و ئەم بابەتەش بوٚتە هۆی مشتومری لێکۆڵەران و دەڵێن: ئایا رێککەوتنامەی ساڵی ١٨٦٧ رێککەوتنێك بوو لەنێوان فەرەنسی زمان و ئینگلیزی زمانەکان یان یەکگرتنی پارێزگاکان بوو؟ (دەتوانینن بڵێین لە پراکتیکدا ئەو رێککەوتنە هەردووکی دەگرتەوە).

توندڕەوە جوداخوازەکانی کیوبێك لە ساڵەکانی ٦٠ بەرابەرایەتی ((لێڤێك)) خەباتی خۆیان دژی بیرورِای فیدراڵی کە پارتی لیبرالی پێشەنگی بوو، توندوتۆڵ کرد. ئەو هەوڵانە ئاکامی بەدی هاتنی شۆرشی ئارام بوو. ئەو جوداخوازییەش کۆمەڵەی بزووتنەوەی کیوبێکی لەپێناو سەروەری پێکهێناو پاشان هەر ئەو کۆمەڵەیە بوو بە پارتێکی کیوبێکی کە بیرورِای لە سۆسیال دیموکراتەکان نزیکە. لە ساڵی ١٩٧٦ ئەو پارتە لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوت و

حکوومەتی موحافەزەکاری پێکهێناو هەنگاوی یەکەمی رەسمیکردنی زمانی فەرەنسی بوو. لە ساڵی ١٩٨٠ ئەو پارتە بەمەبەستی جیابوونەوە ریفراندۆمێکی رێکخست و ٤١٪ دەنگی بەرانبەر ٥٩٪ دەنگ بەدەسهێنا. لە هەمان کاتدا یاسای نوێی بنەڕەتی کەنەدا گەڵاڵە دەکرا و بەڵێن بوو دەڤەری کیوبێکەکان وەکو ناوچەیەکی تایبەت دەستنیشان بکرێ، وەلێ ساڵی ١٩٨٢ کە ئەو یاسایە ئامادەکرا کیوبێك ئیمزای نەکرد. تا ئێستا ئەو یاسایە بەبێ ئیمزای کیوبێك ماوەتەوە. حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی پارێزگای کیوبێك هەوڵیاندا پێکبێن واتە سازش (کۆمپرۆمایس Compromise) بکەن. سەرئەنجام رێکەوتنی میچلێسکی ساڵی ١٩٨٧ هاتەدی، مەرجەکانی ئەوەبوو کیوبێك دەستوور ئیمزا بکاو ئەویش وەك کۆمەڵگایەکی تایبەتی حیسابی بۆ بکرێ و بەبێ رەئی کیوبێك گۆڕانکاری لە دەستووردا نەکرێت و دەسەڵاتی پتری بدرێتی لەمەڕ: کاروباری بودجە، سیاسەتی مالیات، بەشداریان لە دادگای باڵاو چاکسازی، سیاسەتی کۆچبەری. پارێزگا ئینگلیزی زمانەکان (مانیتوبا، نیوبراونسڤیك و نیوفاوندلەند) نەبێ هەموو بەرپرسانی پارێزگاکان ئەو رێککەوتننامەیان پەسەندکرد. لەبەر دژایەتی زۆرینە ئەو یاسایە ڕاست نەکرایەوە، وەلێ لە ساڵی ١٩٩٢ هەوڵێکی تر درا بە ناوی رێککەوتنی شارلوتان بۆ بەر فراوانکردنی مافی پارێزگاکان، ئەوەش بەهۆی ئاکامی ریفراندۆمێکی گشتی ٥٥٪ بە ٤٥٪ پەسەند نەکرا. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یارمەتییەی پێنج پارێزگا لە دەسەڵاتی فیدراڵی وەریدەگرن، ئەوان بەرژەوەندیان لە دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزدایەو، توندڕەوەکانی فەرەنسی زمانیش لەو بڕوایەدابوون ئەو هەنگاوانە مافەکانیان دابین ناکەن. بەپێی راپرسی گشتی ٣\٤ ئینگلیزی زمانەکان دژی بەدەستهێنانی مافە چارەنووسی کیوبێکەکانن، لەلایەکی تریشەوە ئەوە بیانویەکی گەورە بوو بۆ توندڕەوەکانی کیوبێك کە جگە لە جیابوونەوە رێگاچارەیەکی تریان نییە. جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩٥ دا ریفراندۆمێکی تر لە کیوبێك هاتەدی و تەنیا چەند هەزار دەنگێك کەم بوون کە کیوبێکەکان لە کەنەدا جیا ببنەوە و ٥٠,٦٪ دەنگ دژی ٤٩,٤٪. بوو. ساڵی ٢٠٠٠یش زۆری نەمابوو ئەو پارێزگایە مافی سەربەخۆیی وەربگرێت، بەڵام ئەم جارارەیان خەڵك دژی جیابوونەوە ئەو بەڵگەیان دەهێنایەوە کە ئاکامەکانی جیابوونەوە نێگەتیڤن وەك خراپبوونی باری ئابوری، دەرچوونی سەرمایە، زیادبوونی خەرجیەکانی سوپا و دیپلۆماتیك و لەوانەیە ناچار بن مالیات زیاد بکەن. هەر لە بنەڕەتەوە زۆربەی فەرەنسییە ـ کەنەدابییەکان لایەنگری سەروەرین لە چوارچێوەی کەنەدا بە مەرجێك مافە داواکراوەکانیان بدرێتێ، وەلێ لە ڕاستیدا ئەو کێشەیە کێشەیەکی چارەسەر نەکراوی ژیان نییە، تەنیا چەند گیروگرفتێکی تکنیکی و لابەلایە وەك هەندێ خاڵی نادیار کە لەیاسای بنچینەییدا باسیان لێ نەکراوە، دەنا بە کردەوە مافەکانیان جێبەجێ کراوەو مسۆگەرە.

شایانی باسە توندڕەوی لەپارێزگا رۆژئاواییەکانی ئینگلیزی زمانیشدا هەیە، بەڵام نە گەیشتۆتە ئاستی کیوبیکەکان، ئەو نارازیبوونە لایەنی ئابووری پێوە دیارە،

چونکە بەریتانیاو کولومبیا و ئەلبێرت لەو بڕوایەدان زۆربەی سەرمایەکانی نەوت و گاز لەو پارێزگایانە بەرهەم دێن و ویلایەتەکانی کەنەدا بەتایبەتی پارێزگاکانی هەرێمی ئەتلەنتا لەسەر حیسابی ئەوان دەژین.

**ئوستراليا**

ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٧٨٨ لە ئوستراليا نیشتەجێ بوون. کە ئەمریکایان لەدەستچوو دەستیان بە دۆزینەوەی ناوچەی نوێ کرد. لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا دورگەی تاسمانیا کرایە کۆلۆنی و دەست کرا بە کشتوکاڵ، ئەوەش هاوکات بووە لەگەڵ دروستکردنی کۆلۆنی لە کەنەدا کە خاوەنی مافی خۆبەڕێوەبردن و یاسای سەربەخۆ بوو. هەر لە ساڵەکانی ٤٠ دا وەزیری کۆلۆنی (لورد گرێی) پێشنیاری کرد لە ئوستراليا سیستەمی فیدراڵی دابمەزرێ، بەڵام ئەو پێشنیارە لایەنگری نەبوو. ئەو فاکتەرەی ئینگلستانی ناچارکرد فیدراڵی پێکبهێنێت، مەترسی دەرەکی بوو. هەر ئەوەش بوو بەهۆی دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی کەنەدا. لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سوپای ئەلمان گەیشتبووە ئۆقیانووس و مەترسی پەرەسەندنی لەئارادا بوو، لەو کاتەدا سوپای ئوستراليا بۆ دەرەوە ناردرابوو، بەڵام هێزەکان دەریایی ڕۆخەکانی ئوسترالیایان دەپاراست. ڤیکتوریا لە ساڵی ١٨٨٣دا پێشنیاری کرد کۆنفرانسێکی هاوبەش لەلایەن کۆلۆنییەکان لە ((گوبار)) ببەسترێ تا شورایەکی فیدراڵی بە مەبەستی بەرگری لەو کۆلۆنیانە پێکبێت. ساڵی ١٨٨٩ ئوێلسی نوێی باشوور هەر چەند دژی بەشداریکردن بوو لەکۆنفرانسی گوبار پێشنیاری فیدراڵی هاوشێوەی کەنەدای کرد. حکوومەتی ئوێلسی نوێ باشوور داوای لە کۆلۆنییەکان کرد نوێنەر بۆ کۆنگرە ڕەوانە بکەن، بەڵام ئەو پێشنیارە بەساردی پێشوازی لێکرا. لە ساڵی ١٨٩١دا کۆنگرەیەك لە ((مێلبۆرن)) بەسترا و پرۆژەی دەستووری داڕشت، بەڵام کۆلۆنییەکان لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی گومرگ ڕێك نەکەوتن. ئوێلسی نوێی باشوور لەگەڵ کەمکردنەوەی باجی گومرگدا بوو، ئەوانی تر لەگەڵ زیادکردنی دابوون. سەرۆك وەزیرانی کۆلۆنییەکان لە ساڵی ١٨٩٥ پلانی فیدراڵیان پێشنیار کرد و لە ساڵانی ١٨٩٧ تا ١٨٩٨ چەندین کۆبوونەوەی لەسەر کرا، لەدوایدا پلانی فیدراڵی پەسەند کراو لە ساڵی١٨٩٩ بە ریفراندۆمێکی سەرتاسەری پیادە کرا. پەرلەمانی ئینگلستان ئەو پرۆژەیەی لە٩/٧/١٩٠٠ پەسەندکرد، پاشان لە ساڵی ١٩٠١دا لەلایەن پادشاوە ((یەکێتیی ئوستراليا)) بە بەشداری شەش ویلایەت ((ئوێلس نوێی باشوور، ڤیکتوریا، ئوسترالیای باشوور، ئوسترالیای ڕۆژئاوای، کۆنیسلێند وتاسمانیا)) ڕاگەیاندرا.

وەك باسکرا ئوسترالییەکان سوودیان لە دەستووری کەنەدا وەرگرت. هەروەك کەنەدا، پاشا گرنگترین کەسایەتی بەرپرسی بەناوی لێپرسراوی پارێزگاکان و بەرپرسی لە پارلمان واتە وەزیری دەستنیشان دەکرد. دەسەڵاتی یاسایی لەلایەن پادشاوە دیاری دەکرا بۆ ئەو سینات و نوێنەرانەی پەلات کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردران، تەنیا جیاوازی لەگەڵ کەنەدا لە ڕووی دیاریکردنی سیناتەکان بوو. لە ئوستراليا وەك

ویلایەتە یەکگرتووەکان سیناتەکان یەکسان بەپێی ویلایەتەکان دەستنیشان دەکران. جاری یەکەم هەر ٨ سینات بۆ هەر ویلایەتێك کە ژمارەیان دەگەیشتە ٣٦ کەس. بەڵام لە پاش زیادبوونی دانیشتوان ژمارەی سیناتەکانیش گەیشتە ٧٦ سینات و پەلاتی خوارەوەش ١٤٨ ئەندام، بەپێی دەستوور ژمارەی سیناتەکان دەبێ نیوەی نوێنەرانی پەلاتی خوارەوە بێ و بۆ ماوەی ٦ ساڵ، هەمووشیان پێکەوە هەڵنابژێردرێن بەڵکو هەر سێ ساڵ نیوەیان. هەردوو پەلاتەکان مافی هاوسانیان هەیە، وەلێ سیناتەکان مافی ئەوەیان نییە دەست لە کاروباری یاسای ماڵی و چاککردنی ئەو یاسایە بدەن. کە دژی بوون پێویستە بەسەری دابچنەوە ئەگەر نەگەیشتنە رێککەوتن ئەوا بەرپرسی پارێزگاکان هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت. دوایین جار لە ساڵی ١٩٧٥دا ئاوها پێشهات. کێشەکانی سوپا، بودجەی گشتی، دیپلۆماسی، گومرگ، پۆست و تلیگراف و تەلەفۆن و زۆر کێشەی مافی مەدەنی و..... لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی دان. بۆ پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵ و پارێزگاکان و لە زۆر بواردا دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەچاو کراوە. بەشێوەیەکی دیار ئەرکی ناوەندو ویلایەتەکان ئاشکرا نییە و بێ دەنگی لێکراوە. بەو پێیە دەتوانین بڵێین هەڵوێستی ویلایەتەکان بەهێزە.

لە ئوسترالیا کێشەی نەتەوەیی جگە لە ((ئەبەرێگێنەکان)) نەبێ، نییە، بەڵام سەرەرای ئەوەش سەردەمێك بوو کێشەی توندڕەوی لە ئوسترالیای رۆژئاوای کە بە هەژارترین ویلایەت دەژمێردرێت هاتبووەکایەوە. لە ساڵی ١٩٣٣ دا توندڕەوەکان لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن و داوانامەی جیابوونەوەیان بۆ پاشاو پارلمانی بەریتانیا رەوانەکرد، بەڵام ئەو داوایە رەتکرایەوە، جگە لەوەش رێگای تری یاسایی جیابوونەوە نەبوو، بۆیە ئەو داواکارییە هەر بە بێ دەنگی مایەوە.

**بەرازیل**

بەرازیل لە ساڵی ١٥٠٠ بەهۆی دەریاوانی پورتوگالی ((پێدروکابرال)) دۆزرایەوەو پاشان بەموڵکی پاشای پورتوگال لە قەڵەم درا. لە ساڵانی ١٥٣٢تا ١٥٣٦ بەرازیل بەسەر ١٣ ناوچەی فیۆدالیدا کە زۆربەیان هەرێمەکانی قەراغ دەریا بوون دابەشکرا و دەسەڵات لە دەست ئەو کاپیتانە دابوو کە بە خاوەنی ئەو کۆلۆنییە دەژمێردرا. لە ساڵی ١٥٤٩ ناوی جێگری پاشایەتی درا بەو کاپیتانانە، پاشان قۆناغ بە قۆناغ ئەو دەسەڵاتە گوازرایەوە بۆ پارێزگار. لە ساڵی ١٧١٤ لێپرسراوی پارێزگارەکان بە جێگری پادشا دانران.

لیشبوونە، بەرازیلی وەك هەرێمێك بۆ دابینکردنی کەرەستەو بازاڕی کاڵا سەیر دەکرد. بەرازیلییەکان مافی ئەوەیان نەبوو جگە لە پورتوگال بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی تردا بکەن. تا سەدەی نۆزدەهەم چاپخانە، کارخانە هەتتا قوتابخانەیەکیش لە بەرازیل نەبوو. دەوڵەمەندەکان بۆ خوێندن منداڵیان رەوانەی پورتوگال دەکرد. تێکڕای کارە گرینگەکانی حکومی بەدەست نێردراوانی پورتوگال بوو. لە ساڵی ١٨٠٨ ناپلیۆن بەرازیلی داگیرکرد. لە بەرانبەر ئەو داگیرکردنە پاشا ((ژوان)) بەیارمەتی دەریاوانە ئینگلیزەکان گەیشتە ((ریودێ جانێیرو)) و بەرازیلی وەك

سیتەمێکی نویێ پاشایەتی ڕاگەیاند کە پێکهاتبوو لە بەرازیل و پورتوگال و ئەلگارڤی. هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەش کاپیتانەکان بوون بە پارێزگار.

لەو کاتەدا بیری سەربەخۆیی و هێنانەدی سیستەمی کۆماری لە بەرازیل بڵاوبۆوەو یەکەمین ڕاپەڕین لە پارێزگای باکوور لە ((پێرنامبوکو)) سەریهەڵدا. لە ساڵی ١٨٢٠ لە لیشنوونە شۆڕش بەرپابوو، یاسای بنچینەیی ڕاگەیاندرا، ئەو فاکتەرە دەنگی ناڕەزایەتی بەهێزکردو ئۆپۆزیسیۆنەکان دژی ریۆدۆجانێرو هاوکاری خۆیان لەگەڵ لیشبونە ڕاگەیاند، لەراستیدا خوازیاری سیستمێکی فیدراڵی هاوشێوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوون، بەپێچەوانەوە لە باشوور دژی شۆڕشی پورتوگال وەستان و لایەنگری دامەزراندنی سیستمی پاشایەتی بوون. لەبەر ئەوە پادشا ژوان لە ساڵی ١٨٢١ گەڕایەوە لیشبوونەو ((دون پێدرو))ی کوڕی لە شوێنی خۆی دانا. پادشا ژوان دەیزانی توانای سەرکوتکردنی داخوازییەکانی گەلی نییە، بۆیە ویستی هەر هیچ نەبێ دەسەڵاتی بنەماڵەی خۆی ((براگانسە)) ڕابگرێت، ئەوە بوو کوڕەکەی داوای لە بەرازیلییەکان کرد لە ریۆدۆ جانێرۆ کۆببنەوە. لە ١٨٢٢/٩/٧ سەربەخۆیی بەرازیل راگەیاندرا، دەستوور داڕێژرا، بەرازیل بە ئیمپراتۆری لە قەڵەم دراو سوپای پورتوگال لە بەرازیل دەرکرا. حکوومەتی لیشبوونە زۆر هەوڵی دا بگەڕێتەوە هەتا ئینگلیزیش کەوتە ناوبژیکردن، وەلێ لە کۆتاییدا پورتوگال ناچار بوو ساڵی ١٨٢٦ دان بەسەربەخۆیی بەرازیلدا بنێ و رێککەوتننامەی لەگەڵدا مۆر بکات.

ساڵی ١٨٢٤دا ئیمپراتۆر پێدوری یەکەم دەستووری لیبرالی هێنادی کە مافی خۆبەرێوەبردنی بە پارێزگاکان دەبەخشی. لە ساڵی١٨٣٤ گۆڕانکاری بەسەر دەستووردا هات و مافی خۆبەرێوەبردنی پارێزگاکان زیاترکرا و لە جێگای شورای پارێزگاکان پارلمانی هاتەدی، کەچی ناڕەزایەتی پارێزگاکانی باکوور کەم نەبۆوەو کاری توندڕەوی هەر بەردەوام بوو، دەسەلاتی ئیمپراتۆری ٢٥ ساڵی ڕەبەق بەربەرەکانێی ئەو بزووتنەوەی کرد. لە کاتی ئیمپراتۆریەتی پێدری دووەم ساڵانی (١٨٣١ـ١٨٨٩) ئەو بزوتنەوەیە بەیەکجاری سەرکوتکرا و بەدرێژی ئەو ساڵانە ئیمپراتۆری بەرازیل لە هێمنی ئاسایش بەرخورداربوو. رووداوی چاوەڕوان نەکراو لە ١٨٨٩/١١/٥ کودەتای سەربازی جەنەراڵ فونسێك بوو، وزیران و ماڵباتی ئیمپراتۆری ناردەوە پورتوگال و حکوومەتێك بە ناوی ((ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەرازیل)) هاتەکایەوە و یەکەم سەرۆك کۆماریش خودی جەنەرال فۆنسێك بوو. سوپای پیادەو دەریایی ئەندامانی حکوومەتی کاتییان دەستنیشان کرد و خۆشیان بە نوێنەری خەڵك دادەنا. حکوومەتی کاتی رایگەیاند بەرازیل وڵاتێکی فیدراڵی کۆمارییە هەر ویلایەتێك ببێتە بە خاوەنی دەستوور ئۆرگانی دەسەڵات و ئیدارەی تایبەت بە خۆی دەبێ. ساڵی ١٨٩١ بریار لە سەر دەستووری هاوشێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا درا، بەپێی ئەو دەستوورە ویلایەتەکان مافی هەبوونی سوپا، سنووردار کردنی قەرزەکانی دەرەوە،

دیاریکردنی رادەی مالیاتیان هەبوو. هەر ویلایەتێك دەتوانێ بەپێی دەستوورو رەچاوکردنی دەسەلاّتی سەرەك کۆمار (پریزیدێنت) هەڵسوکەوت بکات و خاوەنی دادگای سەربەخۆ و ئۆتۆنۆمی هەرێمەکان بێت. دادگای فیدراڵ لە هەندێ بواری دیارکراو نەبێت مافی ڕەتکردنەوەی بڕیاری دادگای هەرێمەکانی نەبوو. بەو شێوەیە سیستمی فیدراڵی بەرازیل بە رەسمی زۆر مافی هاوشێوەی کۆنفیدراڵی هەبوو، وەلێ دەرچوونی ویلایەتەکان لەو یەکگرتنە بەپێی یاسای بنچینەیی قەدەغە بوو. دەسەلاّتی فیدراڵی لە کاتی شەڕ و هەڕەشەی دەرەوە یان سەرپێچی ویلایەتێك لە پرنسیپەکانی دەستوور نەبا، مافی دەستێوەردانی کاروباری ویلایەتەکانی بوو.... شێوەی دەسەلاّتی پریزێدنێت ((سەرۆك کۆمار)) و ئەنجوومەنی یاسادانان هاوشێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو ((کە لە کۆنگریس پێکدێت و کۆنگریسیش لە پەلاتی نوێنەران و سیناتەکان)). بەپێی ئەو یاسایە لە هەر ویلایەتێك ٣ سینات و بۆ پەلاتی سینات دیاریدەکرا. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت ئەو شێوە بەرێوەبردنەی لیبرالی لەلایەن دەسەلاّتدارانی سوپاییەوە هاتۆتەدی. شایەنی گوتنە لە ئەمریکای لاتین سوپا گەورەترین ئامرازی یەکگرتنی ریزەکانی ئەو ولاّتانەیە. لەو سەد ساڵەی دواییدا ((١٩٢٦، ١٩٣٤، ١٩٣٧، ١٩٤٦، ١٩٦٧، ١٩٨٨)) لە بەرازیل حەوت دەستوور هاتۆتە دی. بەپێی دەستووری ساڵی ١٩٦٧ ناوی ڕەسمی بەرازیل بوو بە ((کۆماری فیدراڵی بەرازیل)). تێکڕای ئەو یاسایانە دەسەلاّتی فیدراڵی ناوەندیان بەهێز و مافەکانی شارەوانییان بەرفراوان کردووە، بە گشتی دیاردەی بەهێزکردنی توانای شارەوانی زۆر بەدی دەکرێت، جاران ئەو توانایە وەك کێشەی ژینگەو پێشخستنی بەرێوەبەرایەتی ناوەخۆیی و ماڵی و زۆر پرۆگرامی تر لەدەست ویلایەتەکان یان دەسەلاّتی فیدراڵی دا بوو کە بە پرۆسەی بەرفراوانکردنی دەسەلاّت ناسراوە. لەلایەکی ترەوە دەسەلاّتی ناوەندی فیدراڵی ئەو مافەی دابوو بە خۆی ئەگەر ویلایەتەکان ئەرکەکانی خۆیان لە بەرامبەر حکومەتی فیدراڵدا جێبەجێ نەکەن و بەپێی دەستوور بەتایبەتی بۆ گەیاندنی مالیات لەگەڵ شارەوانی نەجولێنەوە، دەست لە کاروباریان وەربدات. لە سەردەمی ئێستاماندا بەرازیل ٢٦ ویلایەت و ناوچەیە.

### هندستان

هندستان بەوەی کە خاوەنی دانیشتوانی زۆرو ولاّتێکی پان و بەرین و خەڵکێکی جۆراوجۆرە لە ولاّتانی تر جیا دەکرێتەوە. لە هندستاندا زیاتر لە ٥٠٠ عەشیرە و میللەتی جۆراوجۆر هەیە کە بە ١٦٥٢ زمان و زاراوەی جۆراوجۆر دەدوێن. لەوانە ١٨ زمانی (بەنگالی، تێلوگو، ماراتهی، تامیلی وئوردو........) هاوکات لەگەڵ دوو زمانی دەوڵەتی (هندی و ئینگلیزی) بەزمانی ڕەسمی دەژمێردرێن. بە واتای جەواهر لال نەهرۆ هندستان هەمیشە ولاّتێکی

((یەکگرتووی جۆراوجۆر)) بووە کە زمان و کولتووری جۆراوجۆری تێدایە. تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت نەبێ بەدەگمەن یەکیەتی سەرتاسەری سیاسی بینراوە. دواین جار لە سەدەی ١٦و١٧ بوو ((بابورە))ی سەرکردە لە ئاسیای ناڤین دێلهی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئەوروپییەکان ئەو دەسەڵاتە بە ئیمپراتۆری ((گەورەی موگولا)) دەناسن. لە سەرەتای سەدەی ١٨ ئەو ئیمپراتۆریە رووخاو هندستان بوو بە ئیماراتی جۆراوجۆر و لاواز. کۆلۆنی کردنی هندستان لە سەدەی پانزدەهەم لەلایەن پورتوگالییەکانەوە دەستی پێکرد. لە سەدەی ١٧ ئینگلیزو فەرەنسییەکان پورتوگالیان وەدەرنا، وەلێ کۆلۆنییەکانی پورتوگال تا ساڵی ١٩٦٠ یش پارێزرابوون، تاکاتێك دەسەڵاتی موگولەکان بە هێزبوو ئەو شێوە کۆلۆنی کردنە سیمای بازرگانی پێوەبوو واتە شارەکان وەك بنکەیەکی بازرگانی بوون. ساڵی ١٧٥٧ لەشکری ئینگلیز بە ناوی کۆمپانی ئوست هندستان دەستیان بەکرێن و بەرتیلخۆرکردنی لەشکری هیندوستان کردو توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن و بەسەر حکوومەتی بەنگالدا زاڵ بن. بەو شێوەیە هیندوستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان. سەد ساڵی دوای ئەو داگیرکردنە دەسەڵاتی سیاسی ئینگلیزەکان بەو شێوەیە بووە: بەشێك لە خاکی هندستان لەژێر بەرێوەبەری راستەوخۆی کۆمپانیای ئوست هندستان و بەشێکی تر لەژێر بەرێوەبەرایەتی فیۆدالەکانی ناوخۆی بوو بە شێوەی ئیمارات کە ناڕاستەوخۆ پەیڕەویان لە کۆمپانی ئوست دەکرد. لەوکاتەوە بە شێوەیەکی فۆرمالیتە هەروەك جاران ((موگولی گەورە)) لەدێلهی تاجی هەبووە. ساڵی ١٨٥٧ سیپاییەکان واتە ((سەربازەکانی کوپانی)) راپەرین(١) و زۆر بەزەحمەت ئەو بزوتنەوەیە سەرکوتکرا. پاش ئەوە جگە لە دەسەڵاتی ئیماراتەکان نەبێ کۆمپانیای ئوست هندستان و دەسەڵاتی موگولی گەورە لە ناوچوون. پاشا ڤیکتوریا تاجی ئیمپراتۆری هندستانی وەرگرت و ئەو وڵاتە لەلایەن ئینگلستانەوە بە شێوەی هەناردە یان بە ناوی جێگری پاشا لە لەندەنەوە ئیدارە دەکرا. لە ساڵانی ١٩٢٠وە١٩٣٠بزوتنەوەی ئاشتیخوازانەی ماهاتما گاندی سەریهەڵدا، سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٣٥ لەندەن بڕیاریدا دەستوور بۆ هیندوستان داڕێژێ. حکوومەت لە پارێزگاکان پێکهات. دەبوایە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی ناوەندی فیدراڵی بن، بەڵام یاسایەك نەبوو لە رووی دادوەرییەوە ئەو مافانە بچەسپێنێ.

لە دەستپێکی جەنگی جیهانی دووەم ئینگلستان بە ناچاری بەڵێنی سەربەخۆیی دا بە هندستان و دوای ئەو جەنگە دەستووری سەربەخۆ بۆ دوو دومینیون لەسەر خاکی هندستان داڕێژرا، یەکێکیان بە ناوی یەکێتیی هندوی هندستان و دووەم موسڵمانەکانی پاکستان. لە رۆژی ١٩٤٧/٨/١٥ یەکەم سەرۆك وەزیرانی هندستان جەواهر لال نەهرۆ ئاڵای نەتەوەیی لە دیلهی بەرزکردەوە و لە هەمان کاتدا پاکستانیش سەربەخۆیی خۆی راگەیاند. ئەو رووداوانە لە کاتێکدا

بوون کە شەڕ هێشتا لەنێوان هندۆکان و پاکستانییەکان بەردەوام بوو. پاشان لەسەر هەرێمی کشمیر بوو بە شەڕێکی سەخت. ماهاتما گاندی کە هەوڵی دەدا ئەو شەڕە هێور بکاتەوە، بوو بە قوربانی (١) "گوایە لە کاتی شەڕدا هندویەك دانی بەوەدا ناوە کە منداڵێکی موسڵمانی کوشتووە، گاندی پێی گوتووە تۆ دەتوانی گوناهەکەت بکڕیەوە بەمەرجێك منداڵێکی تری موسەڵمانی بێ دایك و باوك وەك موسوڵمان بەخێو بکەی، ". هندستان لە ٥٥٥ ئیمارات پێکدەهات بەشێکیان لەگەڵ ویلایەتەکانی کۆنی هندستانی بەریتانیا و بەشێکی تر لەگەڵ ویلایەتەکانی تری سەربەخۆ یەکیان گرت، بەڵام ئیماراتە گەورەکان وەك ((مایسور، حەیدەرئاباد، مانیپور و تریپورە)) ویلایەتی تایبەت بەخۆیان پێکهێنا، لە ١٩٤٩/١١/٢٦ پارلمانی ئەو وڵاتە دەستووری هەمیشەیی پەسەند کرد کە تا ئیمڕۆش کاری پێدەکرێت.

بەپێی دەستوور ساڵی ١٩٤٩ هندستان وەك وڵاتێکی ((یەکگرتووی ویلایەتەکان)) بەبێ ئەوەی مافی جیابوونەوەیان هەبێت راگەیاندراوە. بەپێی دەستووری یەکەم هندستان بەسەر ٢٧ ویلایەت بەم شێوەی خوارەوە دابەشکرابوو:

هەندێکیان یاسای تایبەت بە خۆیان و ئۆرگانەکانی جێبەجێکردن کە لەلایەن پارێزگاکانەوە بەرێوەدەبردران، هەیە، هەندێکی تر ئیمارات و چەند ئیماراتی یەکگرتووبوون. ئەو ویلایەتانەی لە لایەن ئیدارەی ناوەندی بەرێوە دەچوون شێوەیەکی تایبەت و جیاوازیان هەبوو.

پاشان پێکهاتەی ئەو ویلایەتانە گۆڕا، لە ئاکامی نائارامییەکانی ساڵی ١٩٦٠ هێندێکیان دابەشکران، بۆ نموونە ویلایەتی ئاسامە لە ویلایەتی نەهالێند جیابۆوە. هەندێ ویلایەتی تریش لە یەکییەتییەکدا یەکیانگرتەوە، بەو شێوەیە سنووری میللەتانی سەرەکی هندستان بوو بە یەك. دەستپێشخەری ئەو ریفۆرمانەش خودی سەرۆك وەزیرانی هندستان جەواهیر لال نەهرۆ بوو. لە ریفۆرمەکانی ساڵی ١٩٥٦ دا ئیمارەتی بەرێوەبەری ویلایەتەکان بە ناوی ((رەچپرامۆکها)) لەناوچوو. لە کاتی یەکگرتنەوەی هندوستان هەندێ کۆلۆنی بچووك وەکو (پوندیشیریوباناون و مائێ) لەژێر دەسەڵاتی فەرانسەو (گوئا و داما و دیۆ) لەژێر دەسەڵاتی پورتوگالییەکاندا بوون. فەرەنسییەکان لەسەردەمی دیگۆل دا بە رەزامەندی خۆیان ئەو کۆلۆنیانەیان بۆ هندستان گەڕاندەوە. بەڵام کۆلۆنییەکانی پورتوگال ساڵی ١٩٦٠ بە زۆری شەڕ سەندرانەوە. ئەو کۆلۆنیانە بچووك بوون و نەیاندەتوانی ببنە ویلایەت و بۆیە قەوارەی ((دەڤەری یەکگرتویان)) پێ بەخشدرا. ئێستا هندستان خاوەنی ٢٥ ویلایەت و ٧ دەڤەری یەکگرتووە.

ئەرکێکی گەورەی هندستان ئەوەیە چۆن یەکێتیی ئەو نەتەوە جیاواز و دەڤەرە یەکگرتوو و زمانە جۆراوجۆرانە، بپارێزێ و لە حکوومەتێکی مەرکەزی

یەکگرتووی کارامەدا بەو مەرجەش نەبێتە دیکتاتۆری، بەرێوەیان بەرێ.

فیدراڵیزمی هندوستان کۆپی ئەمریکا یان دیموکراتی پارلمانی بەریتانیا نییە، دەسەلاتی ناوەندی تا رادەیەك بە هێزەو سوپایەکی هاوبەش و سیاسەتی دەرەوەی هاوبەشی هەیە و دەتوانێ یاساکانی کۆمپانیا و بانك و کۆمپانییەکانی تەئمین کۆنترۆڵ بکات، ئەرکە هاوبەشەکانی نێوان دەسەلاتی فیدرالی و ویلایەتەکان بریتین لە دانانی پلانی ئابوری، هاتوچۆو، کۆنترۆلی بەرهەمهێنان، دابەشکردنی کالای خواردەمەنی، دەرمان، یاسای، کار وپیشەسازی، بازرگانی و کۆنترۆلی نرخەکان. ئەرکی ویلایەتەکان بریتییە لە خۆبەرێوەبەری کاروباری ناوخۆ، پۆلیس، تەندروستی، کشتوکاڵ، خوێندن و مالیاتی ناوخۆو....... بەپێی دەستووری سالی ١٩٦٣ ویلایەتەکان مافی جیابوونەوە و دەستووری تایبەت بە خۆیان نییە، پارێزگارەکان رۆلی سەرۆك کۆمار دەبینن و بەپێی رێنماییەکانی کابینەی وەزارەتەکان دەجولێنەوە، ئەو پارتەی زۆربەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت کابینەی وەزیران پێکدێنێ. شورای یاسای ویلایەتەکان لە هەندێ ویلایەت یەك پەلاتیەو لە هەندێکی تر دوو پەلاتیەو بە دامودەزگایەکی بەرێوەبەری ویلایەتەکان دەژمێردرێت. ئەو یاسایانەی لەلایەن شورای یاسادانانی ئایینی بە ناوی یاسای پارێزگاکان بلاوەکرێنەوە، ئەگەر پارێزگار دژی یاسایەك بوەستێت ئەوا رەوانەی سەرۆك کۆمار دەکرێت، ئەویش ئەگەر بەباشی بزانێت پەسەندی دەکات، دەنا دووبارە بۆ گۆرانکاری رەوانەی شورای ویلایەتەکان دەکرێت و پاش ئەوەش بۆ پەسەندکردن دەبێ دووبارە بگەرێتەوە لای سەرۆك کۆمار. ئەگەر بارێکی نائاسایی لە ویلایەتەکان بێتە ئاراوە، یان هەست بکرێت ویلایەتەکان ناتوانن بە ئەرکەکانیان هەڵبستن ئەوا سەرۆك کۆمار دەتوانێ حکوومەت و شورای یاسادانانی ویلایەتەکان هەلبوەشێنێتەوە و راستەوخۆ دەسەلات بگرێتە دەست و هەموو دەسەلاتەکانی خۆی بداتە پارێزگار، یان داوای هەلبژاردنی سەرلەنوێ بکات. لەبەر نارەزایی موسلمانە توندرەوەکان لە سالی ١٩٩٠ ئەو جۆرە دەسەلاتە لە ویلایەتەکانی جامو و کشمیر راگەیاندرا، وەلی هەر بەپێی دەستوور ماوەی ئەو دەسەلاتەی سەرۆك کۆمار تەنیا بۆ سێ ساڵە. سەرۆك کۆمارو پارێزگارەکان رۆلیان تەنیا رۆتینییە. لە کاتی ئاسایدا دەسەلاتی راستەقینەی فیدراڵ و ویلایەتەکانی بە دەست سەرۆك وەزیرانە هەر ئەو وەلامدەرەوەی پارلمانە. دەسەلاتی یاسادانانی فیدرالی لە دەست دوو پەلات دایە. پەلاتگەلێك بە ناوی (لوك سابها کە ٥٤٥ نوێنەر) و پەلاتی ویلایەتەکان بە ناوی (راجیاسابها کە ٢٥٠ ئەندامیان هەیە). سەرۆك کۆمار بۆ ماوەی پێنج ساڵ ناراستەوخۆ لەلایەن هاوکارەکانی لە ویلایەتەکان و هەردوو پەلاتەوە هەڵدەبژێردرێ. لە باری نائاسایی و دەسەلاتی بالا سەرۆك کۆمار مافی هێنانەدی دیکتاتۆریەتی هەیە،

بەڵام ناتوانێ دەست لە کاروباری ژیانی رۆژانەی خەڵك وەربدات.، هیندوستان بەبەراورد لەگەڵ هاوسێکەی پاکستان کە بە فیدراڵ لە قەڵەم دەدرێت هەمیشە هەوڵیداوە پرۆسەی دیموکراتی بپارێزێ، بەپێچەوانەوە پاکستان نەیتوانیوە وەزعی ئاسایی بپارێزێت و زۆر جار گیرۆدەی کودەتای سەربازی بووە، بەڵام وەك دیارە دەبێ بۆ هۆیەکەی نەك هەر لە دەستوورەکەی بکۆڵینەوە بەڵکو چۆنیەتی پێکهاتەو هزری سیاسی پاکستان تاوتوێ بکەین.

## فیدراڵیزم لە رووسیا

### کۆمۆنیزم و فیدراڵیزم

هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ئیمپراتۆری رووسیا کە لە گەلانی جۆراوجۆر پێکهاتووە دیار بوو تەنیا بە شێوەی ئۆتارتیزم دەتوانێ لەسەر دەسەڵاتی بەردەوام بێت یان ئەگەر گۆڕانکاری لیبرالی بێتە ئارا ئەوا پێویستە ئەو وڵاتە ببێتە فیدراڵی یان هەڵبوەشێتەوە. لەبەر ئەوە ساڵی ١٨٢٠ زۆر بە نەهێنی دوو پرۆژەی فیدراڵی دارێژرا، یەکێکیان لەلایەن ئیمپراتۆری لیبرالی ئەلێکسەندەری یەکەم و ئەوی تر لەلایەن شۆرشگێر نیکۆلای موراڤیڤ کە دەیویست کودەتای سوپایی لە ئیمپراتۆر بکات. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەو دوو پرۆژەیە لە یەك دەچوون، بەو پێیە دەبوو رووسیا بەسەر چەند دەڤەردا دابەش بکرێت و سیستەمی یاسادانان لە دوو پەلاتدا دیار کرابوو. بەڵام دابەشکردنی ئەو دەڤەرانە لەسەر بنەمای نەتەوەیی نەبوو. مردنی ئیمپراتۆر ئەلیکسەندر و لەناوبردنی پلانەکانی و ئەو هەوڵانەی کودەتا، کۆتاییان بەو بیروڕا فیدراڵیانە هێنا و بە پێچەوانەوە بۆ دە ساڵ دەسەڵاتی ئۆتاریتزم لە رووسیادا سەقامگیر بوو. سەرەرای ئەوە لەسەردەمی نیکۆلای (١٨٢٥-١٨٥٥) بیروڕای سۆسیالیزم نەك مارکسیستی بلاوبۆوە. لایەنگرانی ئەو بیروڕایانە کەسایەتی بەناوبانگ وەك گیرسن و باکۆنینی ئەنارشیت بوون. ئەوان لەو بڕوایە دابوون پێویستە سیستەمێکی فیدراڵی لەسەر بنەمایەکانی نەتەوەیی و دەڤەرەکان پێکبێت. زۆرجار ئەو داخوازییانە بەرپەرچ و بە ((پان سلاڤیزم)) وەڵامدەدراونەوە و رووسیا وەك وڵاتێکی گەورەی سلاڤی سەیر دەکرا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم زۆر بۆچوونی ناسیۆنالیستی لەنێوان گەلانی ئوکرانیا ئەرمەنیا و تاتارەکان هاتنە کایەوە، کەچی ئەو بیرو بۆچوونانە سەرکوتکران، ئەمەش بەکردەوە ئیمپراتۆری رووسی بەرەو رووخان دەبرد.

دژانی تزار دوو گروپ بوون یەکەمیان لیبرالیست و دووەمیان سۆسیالیست بوو. یەکەمیان هەرچەند داوای ئازادی و دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز و ئۆتۆنۆمی کولتووری دەکرد، وەلێ لەگەڵ سیستمی فیدراڵیدا نەبوو. سۆسیالیستەکان وەك لە کتێبی لینین بە ناوی ((حکوومەت و شۆرش))دا هاتووە، خۆیان بەسۆشیالیست دادەنا، بەڵام ئەو بیروڕایانەی لینین لەلایەن ستالینەوە وەلانران. لینین دەڵێ حکوومەتی سۆسیالیزم حکوومەتێکە بەرەو مردن دەروات و بەرەو

قۆناغی بێ حکوومەتی واتە کۆمۆنیزم. ئەو سیستەمە لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبردنی گەلان دەبێ، دیاردەی دامودەزگای دەوڵەت، سوپای هەمیشەیی، پۆلیس و دادگای پسپۆڕ نامێنێت. وڵاتێکی ئاوا دەتوانێ خاوەن شورای دیموکراتی جوتیاران و کرێکاران بێ نەك دیکتاتۆری بەلشەڤی، هەر شورایەك لە رووی یاسادانان و چۆنیەتی پێکهاتەی سوپا بە ناوی ((گاردی سوور)) وەدیهێنانی نەزم لە رێگای پۆلیسی خۆبەخش سەربەخۆ بوو. بۆ بەرێوەبردنی کاروباری گشتی وڵات، شورای بەرزتر لەسەر ئاستی وڵات هەبوو کە لە نوێنەرانی هەموو شوراکان بە ناوی کۆنگرە پێکدەهات، لەسەر ئەو بنەمایە حکوومەت بە ناوی ((کۆمیساریای شوراکانی نەتەوەیی)) دادەمەزرا. کۆماری سۆڤیەت لە خوارەوە تا سەرەوە لەسەر بنچینەکانی شورایی بنیاتنرابوو، هەر بەپێی ئەو پێکهاتەیە بە ناوی کۆماری رووسیای فیدراڵی سۆڤیەتی سۆسیالیستی ناسرا.

بیروڕای ئازادو دیموکراتی، راستەوخۆ لەسەر بناغەی شوراکان سەریهەڵدابوو، لەسەر کاغەز شتێکی رێکوپێکە، بەڵام لە جێبەجێکردندا ئانارشیستی لەگەڵ خۆی هێنا. ئەگەر چاوێك بە ساڵانی ١٩١٧تا ١٩١٨ دا بخشێنین دەردەکەوێت هەر شورایەك لە جێگای خۆی دەستی بە کوشت و کوشتار کردووە، ئەوەش تاقیکردنەوەیەك بوو دەیسەلماند کۆمەڵگای ئەو سەردەمە لەوە ئاڵۆزترە بەچەند رێگای سادە گیروگرفتەکانی چارەسەربکرێ. لە ئاکامدا بۆ ئەوەی بەلشەڤیکەکان بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن ناچاربوون دیکتاتۆری پارتایەتی بچەسپێنن و شوراکانی بوون بە ئامرازێك بۆ سەرکوتکردنی هەر جۆرە هەوڵێك (١) ((پێویستە بڵێین لەژێر دروشمی ((شورا راستەقینەکان)) لە زۆر جێگای یەکێتیی سوڤیەت بژی بەلشەڤییەکان راپەڕین.

بۆ نمونە راپەڕینی کرێکارانی کارخانەی ((ئیـژیڤ و ڤوتکینـسك)). بزووتنـەوەی پـارتیزانی ((کەسکەکان)) کـە زۆربـەی لایـەنگرانی لـە سـاڵانی ١٩١٨ هەتا ١٩٢١ لە ئۆکرانیـا بـوون. ئانارشیـست ((نێستور ماخنو)) تـوانی بـۆ ماوەیـەك کۆمـارێکی سەربەخۆ دروسـت بکـات. راپـەڕینی کازاخـەکان لـە سـاڵی ١٩١٩ دا لەسـەر رووبـاری دوون کـە نووسـەر ((شۆلۆخۆف)) لە رۆمانەکەی ((دۆنـی ئـارام)) باسـی لێـوە دەکـات. راپـەڕینی سـاڵی ١٩٢١ جوتیـارانی ((تامبوف)) کە زۆر بێ رەحمانە سـەرکوتکرا و گـازی ژەهراوی لەدژی بەکارهات. سـەرکوتکردنی راپـەڕینی ساڵی١٩٢١ی دەریاوانی و سەربازانی ((کرونـشتاد))، شـێوەی دەسـەڵاتداری شـورایی لەسـەر کاغـەز هـەر مابۆوە حکوومەتیش بە شورای سۆڤیەت ناودەبرا. لـە دەستووری ستالینیدا لە ساڵی ١٩٣٦ نـاوی شـورایی هـەر مایـەوەو پارلمـان لـە دوو پـەلاتی شـورایی دروستکرا.